# ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی

## کتێبی حەوتوم




نووسەر: ڕۆز لاگرکرانس   وێنە: ئێڤا ئێریکسۆن

# ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی

**نووسەر: ڕۆز لاگرکرانس   وێنە: ئێڤا ئێریکسۆن**

وەرگێڕانی لە زمانی سوێدییەوە:  ڕەحمان سۆفی

ساڵی ٢٠٢٢ی زایینی

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (١)

ڕۆژێکی زۆر خۆشی مانگی گوڵانە. پشوودانی جەژنی پاکە. خۆرەتاو پڕشنگی داوە لە دوندی خانوەبەرزەکانی شار.

خەڵک پەنجێرەی ماڵەکانیان ئاواڵەکردووە. یەکەم ئەوانەی کە لە خانووە سپییە بەرزەکاندان. دووەم ئەوانەی کە لە باڵەخانە بۆرەکاندان. بە دوای ئەواندا ئەوانەی کە لە خانووە سەوزەکاندا دەژین.

کەچی لە خانووە زەردەکەی ماڵی دانێ هیچ نیشانەی ئاوەدانی نابینرێ!

هیچ باوکێک نایتەدەرێ بچێ لە سندوقی پۆست ڕۆژنامە بێنێ!

هیچ پشیلەیەک بە دوای مشکگرتندا ڕاناکا.

هیچ کچێک لە ماڵ دەرناکەوێ کە لە نێو مێرگ و چیمەندا لە گوڵان بگەڕێ و گوڵاڵە سوورە بچنێ. بیباتەوە ماڵێ و لە گوڵدانی خا و لە بەر پەنجێرە داینێ. هیچ کچێک دیارنییە!



ڕەنگە بپرسن «مەبەست چۆن کچێکە؟»

دیارە کە مەبستمان «دانێ» یانی «دانییەلا»یە!

وادیارە لەم ڕۆژەدا کە مەبەستی ئێمەیە، دانێ لە ماڵنییە. چونکە کاتێک هاوپۆلەکانی«کوودەن» و «مێتبرگی» و «بەننی» هاتن بۆلای و لەلایەن مامۆستاکەیانەوە هێلکەی ڕەنگکراوی جەژنی پاکیان بۆ هێنا بوو. لە زەنگی درگایان دا هیچکەس درگای لێ نەکردنەوە!

هەموویان بۆ دانێ دڵپەرۆش بوون. ئاخر حەوت حەفتە بوو دانێ نەهاتبوو بۆ قوتابخانە! لەو دەمەوە کە پشوودانی حەفتەی وەرزش بوو هیچکەس دانێی نودیبوو! بۆیە بۆیان ببووە پرسیار. «تۆ بڵێی چی رووی

دابێ؟» یەک دوو تا سێجار لە زەنگی درگایان دا و چاوەڕوانیان کرد. بەڵام فایدەی نەبوو.



مێتبرگی گوتی«نەکا لە تەنیاییدا مردبێ!»

بەننی گوتی«دەتوانین هێلکەنووقڵەکە هەڵپچڕین لێی بخۆین»

کوودەن گوتی«نا، نەمردووە!»هێلکەنووقڵەکانی توندگرت و شاردنیەوە

گوتی «من بۆی هەڵدەگرم تا دانێ لە نۆرشۆپپینگ یان لە هەرکوێ بێ هەر دەگەڕێتەوە»

بەننی مۆڕەیەکی لە کوودەن کرد و گوتی «ئەی ئەگەر هاتوو تا ئەودێتەوە نووقڵەکان ڕەق بن و تامیان ناخۆش بێ چی؟»

کەس گوێی نەدا بە قسەکانی بەننی! ئەوان ڕۆیین. بەننی ش بە مۆڕەو  بەڕێیکردن!

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٢)

دانێ لە نۆرشۆپینگ، ئەو شارەی کە باشترین دۆستەکەی لەوێیە، نییە.

ئێلافڕیدای دۆستیشی لەم کاتی پشوودانی جەژنی«پاکە»دا لەوێ نییە.

ئێلا فڕیدا لەگەڵ دایکی و خۆشکە چکۆڵەکەی چوون بۆ دوورگەی هاوینی خۆیان. گەرەکیانە خانەباخەکەیان پاک و خاوێنکەنەوە تا تەزووی زستانی لێدەرچێ!

ئێلا فڕیدا خەریکە تۆڕی جاڵجاڵووکەی پەنجێرەکە کە پڕە لەمێشی مردوو خاوێندەکاتەوە.

دایکیشی خەریکە مەشکە تۆپیوی ژێر کومۆدەکەی ئاشپەزخانە و ژێر وەجاخەکە خاوێندەکاتەوە.



هەموویان خەریکن عەرز و دیوار گسک ئەدن. جیگا و بان هەڵدەخەن. شتومەک دەشۆن. چونکە بەمزووانە «ئۆففە»زڕباوکی ئێلافڕیدا دێی بۆ لایان. حەزدەکەنماڵەکەیان پاک و خاوێن بێ.

کاری نێوماڵیان تەواو دەبێ. دایکی ئێلافڕیدا «سۆنیا» دەچێتە دەرێ. باخچە و سەوزیکارییەکەی بژار دەکا، و بەردبژێریدەکا. گوڵەکانیشی ئاو. ئدا. بەتایبەت ئەو نەمام و گوڵانە کە لە شارەوە لەگەڵ خۆی هێناونی و لەوێ ناشتوینی.

ئێلافڕیدا ش ئاوپاشێکی پڕکردبوو لە ئاو، و بەدوای دایکیدا دەڕۆیی و کۆمەکی دەکرد.

خوشکە چکۆلەکەشی«میراندا»ئافتاوەیەکی چکۆلەی هەڵگرتوو، بە دوای ئەواند ڕادەکا. ئەویش لاسایی ئەوان دەکاتەوە و گوڵ ئاودەدا.



وەختێک ئێلافرِیدا ئەوەی بینی، ئاوپاشەکەی خۆی وەلانا و چوو بۆلای میراندا و گوتی«ئەوانە ئاویان ناوێ! گوڵەباوێلکە خۆڕسکە. دایکم ئەو گوڵی خۆشناوێ»

میراندا دەڵێ«گوڵەباوێلکە جوانە!»بەردەوام دەبێ لە ئاودان.

دایکیان بانگیان دەکا و دەڵێ«کاتی ئەوەیە بچین بەو پاپۆڕەتاکسییە ئوففە بێنین»

بەڵام ئێلافرِیدا سەری ڕادەوەشێنێ و دەڵێ«من و میراندا نایەین. ئێمە یارییەکی خۆش دەزانین، پێکەوە بازی دەکەین»

میراندا دەپرسێ«چ بازییەک؟»

ئێلافرِیدا دەڵێ«بوتڵی بە پۆستناردن!مروڤ نەمەیەک دەنووسێ. دەیخاتە بوتڵێکەوە. بوتڵەکە دەخاتە دەریاوە. ئاو دەیبا بو وڵاتێکی دیکە» میراندا دەپرسێ«باشە، جا، ئەوە قازانجی چییە؟»


ئێلافرِیدا دەڵێ«یەکێک پەیدای دەکا. نامەکە دەخوێنێتەوە»ئەوەی گوت و بەپەلە چووە ژوورێ. کاغەز و قەڵەمی هێنا لەگەڵ بوتڵێک و لەبەر خۆیەوە دەیگوت«دەزانم چی بنووسم. دەمەوێ بانگەوازبکەم کە دانێ پەیداکەن!»

ئاخر ئەویش نەیدەزانی دانێ لە کوێیە! بۆیە ئێستا کاتی ئەوە بوو کە بانگەواز بکا و بە دوایدا بگەڕێ.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی(٣)

ئێلافڕیدا بە خەتێکی جوان نووسی: «بانگەواز»

من کچێکی تەنیام. لە دوورگەیەک، لە دوورگەگەلی شاری نۆرشۆپینگ دەژیم. من تەنیا دۆستێکم هەیە، لە دنیادا بێ وێنەیە. بەڵام ئێستا لێم گوم بووە! بۆیە بانگەواز دەکەم.



دۆستەکەم ناوی«دانێ»یە. سپیکەلانە، چاوەکانی شینە. هەمیشە شاد و

دەم بە پێکەنینە.

بەڵام من دڵخۆش نییم! یەکەم لەبەر ئەوە باشترین دۆستەکەم لێ ونبووە. دووهەم لە قوتابخانەیەک دەخوێنم پێم خۆشنییە. چونکە مامۆستاکەم لەگەڵم باشنییە!

ئەمە دەنووسێ و پشوو دەدا. ڕەشبینی توزێ بیری ئاڵۆز کردووە. ڕادەمێنی و قەڵمەکەی ڕادەوەشێنێ. بەو لەونە زەینی خاوێن دەکاتەوە

باوکی دانێ ناوی «گیانی»یە. دەستگیرانێکی هەیە ناوی «ڤێرا»یە. بەڵام دەبێ بڵێم دەستگیرانی بوو! کەچی ئێستا بە هۆیەکی نادیارەوە کەس نازانی چییە لێک جایا بوونەتەوە!



ئێلافڕیدا قەڵەمەکەی دەنێتە ژێر ددانی. تێڕادەمێنێ و بەخۆی دەڵێ نا پیویستناکا وای بنووسم!گرینگتر ئەوەیە وای بنووسم. ئەگەر هاتوو کەسێک نامەی نێو بوتڵەپۆستەکەی خوێندەوە بەزانێ لە دانێ دەگەڕێم.

له پڕێکدا دایکی بانگی دەکا و دەڵێ«زووبە وەرە، ئوففە چاوەڕێیە!»

کەچی ئێلافڕیدا له جوابدا سەری ڕادەوەشێنێ و دەڵێ«نووسینەکەم تەواو نەکردووە»

«میراندا»ش که به ڕاکردن هاتبوو ئاوپاشەکەی پڕکا له ئاو دەڵێ«منیش گوڵه جوانەکانم ئاو نەداوە»

دایکیان دەڵێ«ئەوکارانەی دوایەش دەتوانن بیکەن بڕۆن جلیسقنەجات لەبەرکەن!»



ئێلافڕیدا دەڵێ «نا،دایکه ئێمه لێرە دەبین تا تۆ دەگەڕێیەوە»

دایکی دەڵێ«نا، نابێ بیر لەوە بکەوە ئەگەر میراندا بچێیه سەر سەکۆی کەنار ئاو بخزێ و بکەوێتە ئاوەکەوە!»

ئێلافڕیدا لاسایی دایکی دەکاتەوە، «ئەودەم بێ میراندا دەبین»

میراندا دەڵێ«یان من بە تەختەبەردەکاندا سەردەکەوم و دەچم بۆ نێو جەنگەڵ و توولەمارێ پێوەوە دەدا!»

میراندا زۆر جار ئەم قسەی لە دایکی بیستووە. لاسایی دەکاتەوە.

ئێلافرِیدا دایکی دڵنیا دەکا و دەڵێ«خەمتنەبێ ئاگام لێدەبێ، چاوی لەێ هەڵناگرم»

دایکی تەماشای کاتژمێرەکەی دەکا و دەڵێ«بەڵێن بەدە لێی خافڵ نابی!»


ئێلافرِیدا دەڵێ «بەڵێنبێ یەک چرکەش لێ خافڵ نابم»

میراندا بە دایکی دەڵێ«بەڵێن ئەدەی ئەگەر بە تەختەبەردەکاندا نەچم بۆ نێو جەنگەڵ گەڕایەوە بەستەنیمان بۆ بکڕی!»

دایکی وەدرەنگی کەوتووە. گوێیان پێنادا. دەستیان بۆ ڕادەوەشێنێ و دەڕوا.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی - بەشی (٤)

«میراندا» خۆشکە چکۆلەکەی ئێلافڕیدا، ئاوپاشی یارییەکەی بە دەستەوە، بە ڕاکردن گەڕاوە بۆ لای گوڵە باوێلکەکانی. ئێلافڕیداش سەرگەرمی کاغەز نووسین بوو. کەمێکی مابوو تەواوبێ. خەریک بوو روخساری دانێی وێنا دەکرد.



نامەنووسینەکەی تەواو کرد. کاغەزەکەی لوولە کرد و خستییە نێو بوتڵەکەوە. سەرەکەی ناوە و بە هەڵاتن چوو بۆ لای میراندای خوشکی . لێی پرسی«دەتەوێ لەگەڵم بێی بۆ سەرسەکۆی ماسیگرتن. کاتێک بوتڵەکە دەخەمە دەریاوە تەماشای بکەی؟»

میراندا سەری ڕادەوەشێنێ.

ئێلافڕیدا دەڵێ «بۆ چی نەیەی؟»

میراندا دەڵێ«هێشتا گوڵ ئاودانم ماوە»

ئێلافڕیدا دەڵێ«گوڵەکانت یەک بە یەک ئاو دراون»

میراندا دەڵێ«نا، هەموویانم ئاو نەداوە»

ئێلافڕیدا دەڵێ«باشە، کەوایە هەر لێرە بە تا من دەگەڕێمەوە!»

میراندا بە سەر دەڵێ«باشە بە چاوان»

ئێلافڕیدا دەڵێ«نەچی بۆ هیچ کوێ، حاڵی بووی؟»

میراندا بە سەرلەقاندن دەڵێ باشە.



ئێلافڕیدا داوایە بێ ئەوەی هەڵەشە ببێ، بوتڵەکە دەهاوێتە سەر تۆڕێکی پان بۆ نێو ئاوەکە. بوتڵەکە شڵپ دەکەوێتە سەر شەپۆلێک. ئێلافڕیدا ئیستێک دەوێستێ و تەماشای دەکا. لە بەر

خۆیەوە دەپرسێ«تۆ بڵێی کەسێک ئەم بانگەوازە ببینێ و بیخوێنێتەوە؟»

ئەو کەسەی کە ئەم کاغەزە دەخوێنییەوە! ئەگەر دانێت بینی پێی بڵێ تەلەفۆنم بۆ بکا! زۆرم بیر کردووە، دڵم بۆی تەنگبووە. شەو و ڕۆژ بیری دەکەم. دوایە بادەداتەوە بەرەو ماڵ. بەڕێگاوە لە بەرخۆیەوە ئەم گۆرانییە بە اینگلیسی دەڵێتەوە:

«باشترین هاوڕێکەم چووە بۆ دەریا، هاوڕێکەم چووە بۆ سەر ڕووبار. هاوڕێی ئازیزم بگەڕێوە!بگەڕیوە بۆ لای من. بگەڕێوە ڕەزاسوک، بگەرێوە ئازیزەکەم. بیرت دەکەم»


ئێلافڕیدا کەمێک تێکستی گۆرانییەکە دەگۆڕێ. ئەجار ئاوی دەڵێ:

«دانێی خۆشەویستم چووە بۆ دەریا. یان چووە بۆ سەر ڕووبار. دانێ گیان بگەڕێوە، بگەڕیوە بۆ لای خۆم. بگەڕێوە ئازیزەکەم. بیرت دەکەم»

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی(٥)

کاتێک ئێلافڕیدا گەڕاوە، بێدەنگ و مات ڕوانییە دەوروبەری خۆی. ئەودەم وەبیری هاتەوە، ئەی داد و بێداد کوا«میراندا؟»

یەکبەخۆی«ئەی وای، نەکا چووبێ بۆ ئەوێبێ!» چاویگێڕا، تەماشایکرد ئاوپاشەکەی «میراندا» لە سەر چیمەنەکە فڕێدرابوو.



لەبەر خۆیەوە گوتی«خۆ من زۆرم پێ نەچوو. چەن چرکە زیاتر لێی دوور نە کەوتمەوە. ڕەنگە لە سەر هۆش نەبم» بانگی کرد«میراندا!»

بەڵام وەڵامێکی نەبیست. لە خۆیی دەپرسی «تۆ بڵێی نەچووبێ بۆ سەر تەختەبەردەکەی سەر تەپەکە؟» دووبارە هاواری کرد«میراندا!»

وەبیری هاتەوە کە تەختەبەردەکەی سەر تەپەکە پڕە لە توولە مار! دیارە گوڵە بەهارەیشی زۆر لێدڕوی. هەر بۆیە توولەمار لە نێو گوڵەکاندا نابینرێ.حەتا «میرانداش نابینرێ» نا، ڕەنگە چووبێ بۆ سەرسەکۆی سەر ئاوەکە. بەڵام نا، بۆی هەیە بە شۆخی خۆی شاردبێتەوە! چونکە ئەو جار جارە گاڵتەمان لەگەڵ دەکا. دوایە دەڵێ شۆخیم کرد. پێی خۆشە بە دوایدا بگەڕێین. ئێلافڕیدا دیسانەوە بانگی کرد «میرادا! لەکوێی؟ وازبێنە من گاڵتەکردنم هیچ پێ خۆش نییە!»

بەڵام هەرچەن بانگی کەرد جوابێک نەبۆو. ئەمجار بە ڕاکردن چوو بۆ سەر تەپەکە. لەوێوەوە سەکۆی سەر ئاوەکە دیاربوو. دیسان بانگی کرد «میراندای؟»

لەپڕ دەنگی پاپۆڕ هاتە گوێی. دیتی پاپۆڕەکە دێ بەرەو سەکۆی سەر ئاوەکە. ڕوانی دایکی لەگەڵ «ئوففە» بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە.

ئێلافڕیدا هەرکە ئەوانی بینی بەجارێک پەشۆکا. تۆبڵێی ئەگەر دایکم بزانی «میراندا» دیار نییە بڵێ چی؟ ئاخر دایکم هەمیشە باوەڕی بە من هەیە.



دایکی دەیگوت«ئێلافڕیدا باشتر لە من میراندا دەناسێ»

ئەوەی دایکی دەیگوت، ڕاست وابوو. بۆ نمونە لەم ڕۆژانەدا کاتێک پێکەوە چبوون بۆ دووکانی کەرەسەی یاری منداڵان فرۆشتن دایکی گوتبووی «خۆتان سەرپشکبن لە باتی شیرینی جەژنی پاک، هەرکەس دیاری خۆی هەڵبژێرێ!»

ئێلافڕیدا ملوانکەی مرواری پیرۆزەیی بۆ خۆی هەڵبژارد. بەڵام میراندا، لانکەی بووکلەی دەویست.

میراندا لچی هەڵقورتاند و کەوتە لێوە لەرزە!

دایکی ماتبوو. میراندا ش دڵپڕبوو. دای لە قوڵپەی گریان. مشتەرییەکانی نێو دووکانە ئاوڕیان داوە بۆ لای ئەوان. دایکی زۆر بەخۆیدا شکاوە. دەستی میراندای گرت و گوتی«بەسە! مەگری عەیبە ئابڕوومان دەچێ» لەولاوە ئێلافڕیداش دەستی کرد بە گریان! لە خوشکە چکۆلەکەی بەکوڵتر دەگریا. میراندا قەت وەک ئەو ناقیڕێنی گوێی خەڵکی ئازاربدا. ئێلافڕیدا فینگەفینگ دەکا و بەبێ هەراوهوریا خۆی مات دەکا. هەرکەس دەیبینێ بەزەیی پێیدادێ.

دایکی زۆر تووڕەبوو گوتی«ئێستا تۆ بۆ چی دەگریت؟چیت دەوێ؟»

ئێلافڕیدا فینگە فینگێکی کرد و گوتی«زۆر ناڕەحەتم»

دایکی پرسی«بۆچی ناڕەحەتی؟»

ئێلافڕیدا گوتی«بۆ ئەوەی لانکەی بووکلە بۆ خوشکەچکۆلەکەم ناکڕی»

ئەوانەی گوێیان لێبوو ئێلافڕیدا چی گوت، پێیان وابوو کە ئێلافڕیدا مێهرەبانترین خوشکە گەورەیە.

(هەڵبەتە خۆی وای بیردەکردەوە!)

سۆنیای دایکی دڵی نەرم بوو. لانکەی بووکلەی بۆ «میراندا» کڕی.

ئەمجار بەخۆشییەوە لە دووکانەکە دەرکەوتن.

جاران دایکیان لە «جەژنی پاکدا» هەر یەکەی هێلکەیەکی پڕ لە نووقڵی بۆ دەکڕین. بەڵام ئەم جەژنە وا ڕێنەکەوت. لە باتی نووقڵ و شیرینی لانکەی بووکلەی بۆ میراندا کڕی. و ملوانکەی مرواری پیرۆزەیی بۆ ئێلافڕیدا. کچەکان ڕازی و کەیفخۆش بوون. بەڵام سۆنیای دایکیان چونکە سەت کورۆن فەقیرتر کەوت خەمگین بوو.


سۆنیا لە دڵی خۆیدا دەیگوت«ئێلافڕیدا لە هەمووکەس باشتر ئاگای لە خوشکەچکۆلەکەیەتی»

ئێلافڕیداش لە بیری ئەوەدا بوو. کە میراندا گوم ببوو. ئەویش نەیدەزانی لە کوێ بۆی بگەڕێ! بەمزووانەش دایکی و «ئوففە» دەگەڕانەوە. لە ڕەنگە دایکیان لە خۆی بپرسی «کوا کچەکان؟ بۆ نەهاتوون بۆ سەر سەکۆی ئاوەکە!»

بەڵام نەیدەزانی کە میراندا گوم بووە. لەوانەیە ئێلافڕیداش هەر گوم بووبێ. تۆ بڵێی بۆ کوێ چووبن؟

## ئەویندداربوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٦)

ئێلافڕیدا بە هەڵاتن خۆی گەیاندە سەر کێوەکەی ڕوو لە دەریا. لەوێوە سەکۆی سەراوەکەی لێوە دیاربوو. لەوێ چاوی بە کۆگایەک پووشکە و چیلکەی وشک کەوت. ئەوە دەستەچیلەی ئاگر بوو کە«ئوففە» پایز لە دارستان بڕی بووی بو سووتمانی بەهاری دانابوو. هەروەها چەن کۆلکە داریشی بڕیبوو بۆ ئاگری مانگی گوڵان و جەژنی بە هارە.



کاتێک ئێلا فڕیدا ئەو کۆگا پووش و چیلکەی بینی بە خۆی گوت

«ئەها، دەچمە نێو ئەو کۆگایەوە. لەوێدا هیچکەس نامبینێ»

خۆی کۆم کردەوە چووە نێو کۆگاکەوە. بەپووش و چیلکە خۆی داپۆشی و جێگاکەی وەکوو ئەشکەوت دروستکرد. وەختێک خۆی کردا بە نێو پووشکە و چیلکەدا. قرچە قرچ و خشە خش

دەهات. بەڵام ئەو گوێ بەوە نادا، خۆی لێ گێل کرد. وای نواند کە ئاگای لێ نییە!

خێرا خۆی کرد بە نێو لق و دڕووی داری سنەوبەردا. دڕووی لق و چڵ وەکوو دەرزی و سووژن دەچوو بە لەشیدا. دەست و پێی دەکزاندەوە. بەڵام ترسی ئەوەی کە دایکی بزانێ «میراندا» گومبووە هەزار جار ئێشی زیاتر بوو لەو دڕوانە. بە ناڵەوە هاواری کرد «میراندا! بۆ کوێی ڕۆیوی بەگەڕێوە؟ ئەگەر نەگەڕێیەوە من ناتوانم هەنگاوێک بە دواتدا بێم. ئەوکاتە هەموو ژیانم هەربۆت دەگەڕێم. لەوانەیە دوای چەن حەوتوو لە پێ بکەوم. دوای ئەوە خەیاڵی ڕویی بۆ لای «دانێ» بیر لەوە دەکردەوە، بە بێدەنگی قسە لەگەڵ دانێ دەکا.

ئێلافڕیدا و دانێ ئەگەر بە دەنگی بەرزیش پێکەوە قسە نەکەن بەڕوانینی لە یەکدی، بە چاو پێکەوە قسەدەکەن. باش لە یەکدی حاڵی دەبن.

بیری تیژی ئەو دوانە وەکوو«ڕاکێتی فریاکەوتن. ئەو ڕاکێتە کە لەسەر گەمییەوە دەیهاوێن. جارێکیان لەسەر پردەکەوە بەربووەوە پردەکەی ڕووخاند» زوو دەگەنە فریای یەکدی.

ئێلافڕیدا یەک بەخۆی هاواردەکرد«دانێ! تۆ لە کوێی؟فریام کەوە بەدوای میراندادا بگەڕێین و پەیدایکەین. لە هەر کوێ هەی زوو وەرە!»

## ئەویندداربوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٧)


دانی خۆی هەست دەکا کە هەمیشە بەختەوەرە! ئەو دانێیە کە لە پۆلی یەک خەریک بوو کتێبێکی دەنووسی. بەناوی «ژیانی خۆشی من»

ئەی ئێستا لە کوێیە؟دانێ!

کاتێک مامۆستاکەمان لە پۆلەکەدا بۆی خوێندییەوە.

«کوودەن» گوتی «زیاتر لە باری بەختیارییەوە بنووسە!»

بەڵام دانێ فریا نەکەوت لەوە زیاتر بنووسێ. ئەوەی نووسیبووشی لەبیر نەما. لە پۆلی دووەم پێش پشوودانی حەفتەی وەرزش، مامۆستاکەمان دەفتەرێکی لە سەر مێزەکەی دانێ دانا.



دانێ گوتی «ئێستا کاتی بەردەوام بوونی نووسینی چیرۆکەکەمە. دەکرێ بنووسم ژیانی خۆشی من - بەشی دووەم» کەمێکی بیر لێکردووە. لە خۆیی پرسی«ئەمجارە لەبارەی چییەوە بنووسم؟»



دانێ دەتوانێ بەختەوەرەبێ. هەرچییەکبێ. ئەو هەست دەکا بەختەوەرە. ئەو دڵی بەوە خۆشە کە بۆ شێو ماکارۆنی، یان پاستا و پای سێویان هەیە.

هەڵبەتە دانێ هەموو خواردنێکی پێ خۆشە. بێجگە لە نۆک و نۆکاو. سەیرە ئەودەمەی چکۆلە بوو، دەیگوت «بەنۆک سەرمام دەبێ!»

هەرچیەند دایەگەورەی دەیگوت«تۆ لێی بچێژە بزانە چۆنە»

بەڵام باوکی فریای دەکەوت و دەیگوت«ئەگەر پێتخۆش نییە مەیخۆ»

ئەم مەسەلەیە ئەودەم بوو کە دانێ چوارساڵ تەمەنی بوو. دەچووە باخچەی منداڵان. ئەو دڵی بەوە خۆش دەبوو کە لە سەر کۆشی مامۆستا خۆشەویستەکەی دانیشێ و هەست بە بەختەوەری بکا. دانێ لە تەمەنی شەش ساڵاندا بوو کە بەچکەپشیلەیەکیان بۆ دۆزیبووەوە. باوکی کاتێک چبوو بۆ ڕاکردن لە پارکێک دۆزیبویەوە. بەچکە پشیلەکە لە قەفەسێکدا دەیمیاوان. بەڵام نەیدەتوانی خۆی دەربازکا. کێ ئەو بەچکە پشیلەیەی لە وێ فڕێدابوو کەس نەیدەزانی. ڕەنگە کەسیش هەرگیز نەزانێ.

باوکی دانێ بەچکەپشیلەکەی هەڵگرتبوو و خستبوویە کڵاوەکەیەوە و هێنابوویەوە بۆ دانێ. دانێ لە خۆشییان شاگشکەببوو!

دانێ کاتێک لە تەمەنی حەوت ساڵندا بوو لەگەڵ باشترین دۆستی خۆی یانی «ئێلافڕیدا» ببوونە ناسیاو، خۆی بە بەختەوەرترین مرۆڤ دەزانی تا ئەو دەمەی کە ئێلافڕیدا دەبوو باربکا بۆ شاری نۆرشۆپینگ. دانێ بەوە زۆر نارەحەت بوو. هیوای نەبوو کە هەرگیز خۆشحاڵ بێتەوە! بەڵام نا، لە پۆلەکەیان هاوڕیی باشی هەبوو کە لەگەڵ ئەوانیش خۆشحاڵ بوو. بە تایبەت لەگەڵ «کوودەن» هەموو ڕۆژێک پێکەوە کایەیان دەکرد. دیارە کە هاوڕێی دیکەش هەبوو. وەکوو «مێتبوورگ» و «بەننی» ش جار و باریش لەگەڵ «ویکان و میکان» بەڵام ویکان و میکان لێی تووڕە دەبوون چونکە زۆرتر لەگەڵ کوڕەکان کایەی دەکرد تا لەگەڵ ئەوان. بەڵام خۆشترین دەم بۆ دانێ ئەودەمە بوو کە بتوانێ سەفەر بکا بۆ شاری نۆرشۆپینگ و سەر لە ئێلافڕیدا بدا.

بەڵام ئەوە خراپبوو کە ڕێگاکە زۆر دوور و زۆری پێدەچوو. هەر بۆیەش نەتدەتوانی زوو بە زوو سەفەربکا.

حەوت حەوتوو لەوەپێش توانیبووی سەربەخۆ سواری قەتار بێ و بەرەوا نۆرشۆپینگ. تا گەیشتە ویستگەی قەتارەکە کەیف خۆشبوو.بەڵام ناخۆشییەکەی ئەوەبوو کە هیچ کەس نەهاتبووە بەرەو پیری.

سەری سووڕما! بڕیار وابوو ئێلافڕیدا و دایکی بێن بیبەن بۆ ماڵی خۆیان. کەچی هیچکەس دیار نەبوو! نەیدەزانی چیبکا. ناچار سواری قەتار بوو و گەڕاوە.

دانێ نەیدەویست ئەم بەسەرهاتە لەکتێبە تازەکەیدا بوونسێ. دەیگوت ئەم نوسراوە دبێ باسی ئەو بابەتانەبکا کە خۆشی بۆ گوزەراوە. وەک ئەو کایەخۆشانە کە لە قوتابخانە لە پشووداند لەگەڵ هاوپۆلەکانی دەیان کرد.

منداڵان وابیر دەکەنەوە کە لەم کایانەدا قارەمانن و دژ بە بەدفەڕی جاڵجاڵووکەی گەورە، جنۆکە و ئێسکەپەیکەر شەڕ دەکەن.



دانیێ وای بیردەکردەوە باسی ئەوشتانە بکا. بەڵام لە پڕێکدا توشی گەروو ئێشە و ملەخڕە بوو. دکتۆر گوتبووی دەبێ قورسی پنیسیلین بخوا! ئەودەمەش کە قوتابخانە دەستی پێکردەوە دانیێ هەر نەخۆش بوو. سەیر ئەوە بوو لەودەمەدا باوکی و«ڤێرا»ش نێوانیان تێکچبوو»کەچی دانیێ هەر نەشیزانی بوو لەسەر چی نێوانیان تێکچبوو!

باوکی دانیێ تووشی خەمۆکی ببوو. بۆیە سەفەری کرد بۆ شاری «ڕۆم» بۆ لای خزمەکانی بۆ ئەوەی تۆزێک بەحەسێتەوە. هەڵبەتە دانێش زۆر نارەحت بوو.

دەڵێن ئەوکەسانەی کە هەست بە بەختەوەری دەکەن هەست ناسکترن و لە ناخۆشیدا زووتر تێکدەشکێن. چونکە بەرگەی بەدبەختی ناگرن!

«ڤێرا»زیاتر لە دانیێ و باوکی هەستی بە بەدبەختی خۆی دەکرد.

کاتێک دانیێ زانی، بڕیاری دا کارێک بکا کە هەمووشتێک وەکوو جاران چاک بێتەوە. بەڵام فریانەکەوت. گەروو ئێشەکەی بوو بەکۆخە و تەنگەنەفەسی. وای لێهات بە زۆر هەناسەی دەر دەهات. هەردەم کۆخە زۆری بۆ دێنا، ئەوندە دەکۆخی شین و ڕەش دەبووەوە!

باوەگەورەی گوتی «هەرچۆنێکبێ دەبێ بەپەلە بیبەین بۆ نەخۆشخانە.

ئەوندە بە پەلە بوو نەپەرژا کە تەلەفۆن بۆ «ئامبولانس»بکا! دانێی لە پەتوێکەوە پێچا ولە باوشی کرد بۆلای ماشێنەکەی خۆی. پێی پێوەنا بۆ ئۆرژانس. لەوێ خێرا وێنەیان لە سیپەلاکی دانێ هەڵگرت. ئەودەم دکتۆر بۆی دەرکەوت کە سیپەلاکی چڵکی کردبوو. دکتۆر گوتبووی دەبێ چەن ڕۆژێک لە نەخۆشخانە بخەوێ و ئۆکسیژێنی بدەنێ تا چاکبێتەوە. جا، مەرەخەسی دەکەین!



## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٨)

کاتێک باوکی دانێ زانی کە دانێ حاڵی باش نییە لە سەفەرەکەی گوڕاوە.

شەو و ڕۆژ لە پەنای تەختەکەی دائەنیشت و ئاگای لێیدەبوو. کەچی دانێ ئاگای لە وەنەبوو کە باوکی لەلایەتی و پەرەستاری لێ دەکا!

هیچ ئاگای لە نەبوو کە دایەگەورە وباوەگەورەش هەموو ڕۆژێ چەن جار دەهاتن بۆ لای و سەریان لێدەدا.

دانێ لە نەخۆشخانە نەیدەتوانی نە خواردن بخوا و. نەخواردنەوە بخواتەوە. لە ڕیگای «سڕۆمەوە» دڵۆپ دڵۆپ دەرمان و خواردنیان دەدایە. لەو لوولەوە ڕاستەوخۆ دەچووە دماری خوێنییەوە.



ماوەیەکی پێچوو تا دانێ چاوی هەڵهێنا و ڕوانی. ئەودەم زانی کە باکی لەپەنایەوە وێستاوە. بەسرتە شتێکی گوت. بەڵام کەس تێنەگەیی! باوکی چەماوە بەسەریدا و گوتی«خۆشەویستەکەم دووبارە بیڵێوە گوت چی؟»

بەڵام دانێ چاوی وێکناوە و هیچی نەوت!

باوکی لە دایەگەورە و باوەگەورە برسی«ئێوە تێگەین دانێ گوتی چی؟»

باوەگەورە گوتی«وابزانم پرسیاری بەرازۆکەکانیی کرد»

گیانی گوتی«نا، پێموایە پرسیاری «ڤێرا»ی کرد»

گیانی دووبارە چەماوە بەڕووی دانێ دا و پرسی«دەتەوێ ڤێرا بێ بۆ لات؟»

دانێ سەری لەقاند، بەڵێ.

باوکی بە دایەگەورە و باوەگەورە و گوتی«با تەلەفۆن بکەم بۆ ڤێرا»

باوەگەورە گوتی «ئەرێ وابکە»



دایەگەورە گوتی«ئەرێ زووکە ڕامەوێستە!»

بەڵام ماوەیەکی پێدەچێ تا ڤێرا بتوانێ بێ. ئەو لێرە نەماوە. ئەویش وەکوو ئێلافرێدا باری کردووە بۆ شاری نۆرشۆپینگ. «لیزیت» خوشکی ڤێرا پۆلیسە و لەوێ خزمەت دەکا. ڤێرا ش حەزدەکا لەنزیکی ئەو بژی.

کەچی سەیر ئەوەبوو بۆ بەیانی ڤێرا لەبەر درگا وێستابوو و دیڕوانییە دانێ!

باوکی دانێ لەجێی خۆی ڕاستەوەبوو. خوڵکی ڤێرای کرد و سەندەڵییەکی خۆی دابەو. ڤێرا بێ ئەوەی تەماشای گیانی بکا دانیشت. ئەو تەنیا چاوی لە دانێ بوو. دانێ ڕەگزەرد و کز دەهاتە بەر چاوی ڤێرا!.

ڤێرا ڕووی کردە دانێ و گوتی«بەرخۆڵەکەم! پێتخۆشە چیت بۆ بکەم؟»

ئەودەم دانێ چپەیەکی لێوە هات. بە دەنگێکی نووساو وەکوو ئەوەی کە لەمێژ بوو لە گەرویدا تاسابێ گوتی«هیچم ناوێ. شووبکە بە باوکم!»



ڤێرا ڕاچڵەکی. گیانیش بە پەشۆکاوی چاوی تروکاند.

ڤێرا دانەوی و گوێی نا بە ڕووی دانێ وە و پرسی«دانێ گیان! چیت گوت؟»

دانێ قسەکی دووبارە کردەوە«گوتم شووبکە بە باوکم!»

ڤێرا گوتی «نابێ، باوەڕ ناکەم گیانی بە من ڕازی بێ»

ئەمجار سیلەی چاوی گرتە گیانی.

دانێ چاوی وێکنا. ئەوان پێیان وابوو کە دووبارە خەوبردییەوە. بەڵام دانێ لەپڕ چاوی هەڵهێنا و لە ڤێرای پرسی«تۆ بە چیدا دەزانی؟»

ڤێرا گوتی«بەوەدا دەزانم، ئوە خوازبێنی لێ نەکردوم»

دانێ تەماشایەکی باوکی کرد و گوتی«باوکە زووکە خوازبێنی لە ڤێرا بکە! با ئێمەش گوێمان لێبێ!»

باوەگەورە گوتی«دانێ گیان خوازبێنی کردن هەر ئاوا ئاسان نییە!»

گیان لەژێر لچەوە گوتی«دەبێ بچم هەندێک خۆم خاوێن کەمەوە. وەک تارماییم لێهاتووە» ئەوەی گوت و هەستا سەرپێ. ڕاستی دەکرد چەن ڕۆژ

و شەو بوو بەدیار دانێ وە دادەنیشت و ئاگای لێی دەبوو. ماندوو ببوو. چانتاکەی هەڵگرت و رۆیی بۆ ژووری گەرماوەکە.

دایەگەور و باوەگەورەش هەستان و گوتیان«ئێمەش دەبێ بڕۆینەوە بۆ ماڵی خۆمان»

بەڵام وادیار بوو هێشتا حازر نەببوون کە وەڕێکەون. لەنزیک درگاکە وێستابوون.و تەپەتەپیان دەهات.

ڤێرا لای دانێ خۆی شیرین دەکرد.یارمەتی کرد کە هەستێ و لە سەر تەختەکەی دانیشێ. پاک و خاوێنی کردەوە و سەری بۆ شانە کرد.

گیانیش لە حەمام هاتەدەرێ. بۆنی ئۆدوکلولۆنێکی خۆشی لێ دەهات.

ئاوڕی داوە بۆ لای ڤێرا و پرسی

«ئەمجار بایەخی ئەوەم هەیە کە مێردی تۆ بم؟»

دانێ گوتی«ئەمە بە خوازبێنیکردن حیساب نییە. گیانی دەبوایە خۆی لە پێشدا فێر بوایە چۆن خوازبێنی بکا!»

ڤێرا هیچ وەڵامی گیانی نەداوە!

گیانی داوای لە ڤێرا کرد پێکەوە بچن قاوەیەک بخۆنەوە.

دانێ جوکەیەکی لێوە هات گوتی«نا، لێرە بن!»

باوکی گوتی«دانێ گیان! زۆرمان پێ ناچێ زوو دەگەڕێینەوە»

دایەگەورە و باوەگەورە گوتیان قەیناکا ئێمە کەمێکی دیکەش لەلات دەبین.

کاتێک کە ڤێرا و گیانی گەڕانەوە بە روخساریاندا دیار بوو جدین. بەچاوی ڤێرا دا دیاربوو کە گریا بوو.

دانێ بە ناقایلی لە باوکی پرسی«خوازبێنیت لێ کرد؟»

ڤێرا ڕووی کردە گیانی و پرسی«بەڕاستی خوازبێنیت لێ کردم؟»

گیانی گوتی«بەڵێ، وابزانم خوازبێنیم لێ کردی»

باوەگەورە تەکانێکی لە خۆی دا و گوتی«کاتی پارکینگ تەواو بووە»

لەگەڵ دایەگەورە بە پەلە دەرکەوتن.

کاتێک ئەوان ڕۆیشتن دانێ داوای لە باوکی کرد و گوتی«باوکە جارێکی دیکەش خوازبێنی لە ڤێڕا بکە!»

باوکی ڕووی کردەوە لای ڤێڕا و گوتی«ئەویداری باشترە لە بێ ئەوینی»

دانێ پێی وابوو ئەوەی باوکی گوتی دووبارە هەڵەیە. باوکم دەبوایە بە جۆرێکی دیکە بیگوتایە.

بەڵام ڤێڕا ڕازی بوو. ئەویش گوتی بەڵێ «ئەویندارى باشترە لە بێ ئەوینی»

دوای ئەوە رووی کردە گیانی و گوتی«من تۆم بەو جۆرە دەوێ کە هەی»

شادمانییەکی زۆر زایە دەم و چاوی دانێ!گەشانەوەیەکی وای کە لە مێژ بوو  لە سەر و چاوی دانێ دا نە بیندرابوو.



کاتێک کە باوکی و ڤێڕا پێیان وابوو دانێ دووبارە خەوتەوە، بە سرتە قسەیان دەکرد.

بەڵام دانێ نەخەوتبوو. خۆی کردبوو بە خەو. ئەو هەموو قسەکانی ئەوانی دەبیست. بەڵام نەیتوانی لە وە زیاتر خۆی ڕاگرێ. لێی پرسین من نەمگوت هەوڵ ئەدەم کە مەسەلەکەتان بۆ حەل دەکەم و وازمان باشتر دەبێ. هەردوکیان بە قسەکەی دانێ سەرسام بوون. ڤێرا دای لە پڕمەی پێکەنین و گوتی «ئێ بەڕاستە وات گوت»

دانێ گوتی «بەڵێ بەڕاست وام گوت»

ڤێرا گوتی «ئەی بۆ من لەبیرم نییە»

دانێ لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە،ڕەنگە من لە دڵی خۆمدا وام گوتبێ!

دانێ تاقەتی نەبوو لەوە زیاتر لە سەری بڕوا! چونکە دەبووە زۆر بلێی.

بەو جۆرەبوو. ئێستاش هەر وایە. دانێ بەردەوام لە بیرکردنەوەدا بوو. هەر چۆنێک بوو. لە بیرکردنەوەدا دووبارە خەوی لێ کەوتەوە.



## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٩)

ماوی چەن ڕۆژ، دانێ زۆری بیر کردەوە. لەخۆی دەپرسی «تۆبڵێی کێشەی نێوان باوکم و «ڤێرا» بە کوێ بگا؟!. بڵێی پێکەوە زەماوەندی بکەن؟»

دانێ زۆری حەزی لە جەژنی و بەزمی زەماوەندە. لە تەلەڤیزیوندا دیبووی. کاتێک جەژنی زەماوەندی شازادە و شازادەخانمێکیان نیشانیان داوە. دایەگەورە دانێی بانگ کردوە و پێکەوە دانیشن و یەکدی لە باوش بگرن و تەماشای بکەن.

بەڵام ئێستا دانێ لە بیری ئەوەدایە ئەگەر باوکی و «ڤێرا» پێکەوە زەماوەند بکەن و جەژن بگرن. لەپێشدا دەبێ بووک و زاوا، دوو بەربووکیان لەگەڵبێ. بەربووکەکان تاجەگوڵیان لە سەردابێ. کراسی هاوداوێنی گوڵوردی گوڵڕۆز لەبەر بکەن. لە حەوشەی کلیسا لە پێشیانەوە نەرم نەرم بڕۆن.

ئەوەیان کە ناوی«دانێیەلا»یە بە گوڵی سپی و ئەوی دیکەیان کە ناوی «ئێلافڕیدا»یە.بەگوڵی سوور بەر پێی بووک و زاوا گوڵڕێژکەن.

هەموو شتێەک بەگوڵێ ڕۆز بڕازێتەوە. کلیسا پڕبێ لە خەڵک و چاوەڕوانی بووک و زاوا بکەن. دایەگەورە و باوەگەورە، پوورزا «سڤانتە»و دایکی، ئێلافڕیدا و دایکی و زڕباوکی و خوشکەچکۆلەکەی هەموویان لەوێ بن.

هەر وەها هاوپۆلەکانی دانێ خۆی و مامۆستاکەشیان بەشداری بکەن.

دەبێ خوشکی ڤێراش «لیزیت»لەگەڵبی. بەڵام ئەو چونکە پۆلیسە دەبێ جلوبەرگی پۆلیسی لەبەر بکا.

هەموو ئەو کەسانەی کە دانێ دەیانناسێ و خۆشی دەوێن لەوێبن.



دانێ حەزی دەکرد کە هەموو ئەو مرۆڤانەی کە دۆستی ئەون و خۆشی دەوێن بەشداری بکەن. بووک و زاوا بەچاوی خۆیان لە نزیکەوە ببینن! شایەدی ئەوەبن کە بووک و زاوا بێنە سەرسەکۆ و قەشە بانگیانکا و بپرسێ «خانمی ڤێرا، مارییا گوستاڤسۆن! تۆ بە حەز و ویستی خۆت گیانی بو هاورەری خۆت قەبووڵە کە لەخۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بژین؟»

چاوەڕوان دەکرا کە ڤێرا پێی خۆشبێ و بڵێ بەڵێ!

قەشە لەگیانی پرسی«گیانی تۆ ڤێڕا بە هەوسەری خۆت قەبوڵە؟ دانێ دڵپەرۆشە نکا باوکی بە هەڵە وەڵام بداتەوە!»

بەڵام هیوادار بوو کە هەموو شتێک بە جوانی تێپەڕێ. بووک و زاوا، شایی و زەماوەند- بەتایبەت بەربووکەکان جوان بنوێنن!ئەم جەژنی و زەماوەندە بەخیر و خۆشی بە دەنگی موزیک و گۆرانی و هەڵپەڕکێ کوتایی پێبێ.


دانێ بەخۆی دەگوت«هیوادارم ئەم خواستەی من خەو و خەیاڵ نەبێ»

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی- بەشی (١٠)

کاتێک دانێ لە نەخۆشخانە مەرەخەس کرا و هاتەوە ماڵێ، تێگەیی کە ئەوشتانەی بە خەیاڵیدا دەهات خەون نەبوو. باوکی و ڤێرِا بەرِاست گەرەکیان بوو پێکەوە زەماوەند بکەن! بەڵام نەک بەدابی کلیسا!

دانێ باوەڕی نەدەکرد. پێوابوو خەیاڵە. بەڵام لە سەرخۆ ، لەسەر مۆبلەکەی کە لەسەری دەحەساوە ڕاکشا.

دانێ لە باوکی پرسی«بیرتان لەوە کردوەتەوە ئێمە لە کوێ گوڵە ڕۆزتان لە بەر پێدا پەڕپەڕکەین؟»



بەڵام باوکی جوابی نەداوە.

دانێ گوتی«هەرچۆنێکبێ ئێوە دوو بەربوکتان دەوێ»

باوکی گوتی«نا، بەربوکمان ناوێ. من و ڤێرا دەمانەوێ لە ئیتالیا لە ڕۆم

لە سەفارەتی سوێد لە یەک مارە کرێن»

دانێ نەیدەزانی سەفارتی سوێد لە ڕۆم چییە. بەڵام دوایی باوکی پێی گوت و حاڵی بوو. سەفارەت جێگایەکە لەوێ کار و باری وڵاتی سوێد بەڕێوە دەبن.

باوکی گوتی «ئەگەر سوێدییەک لە ڕۆم چانتا و شتەکانی لێ ونبێ یان لێی بدزن دەچێ لەوێ پووڵ قەرزدەکا و پێی دەگەڕێتەوە بۆ سوێد. یان ئەگەر ژنێک و پیاوێ بیانەوێ خۆ لەیەک مارەکەن دەچن لەوێ ئەوکارەیان بۆ ئەنجام دەدەن»

دانێ پێی سەیربوو، بۆیە نارەحەتبوو.

باوکی گوتی«جەژنێکی خۆمانە دەگرین. چونکە من جارێکم ژن هێناوە. لەگەڵ دایکت زەماوەندم کردبوو. ئەگەر ئەمجارەش جەژنێکی گەورە بگرین، واهەست دەکەم کە خەیانەتم بە دایکت کردووە! هەر بۆیە پێویست ناکا. هەر من و ڤێرا. . .»

دوای ئەو قسانە، کاتێک «گیانی» باوکی روخساری ماتی دانێی بینی بەخۆیدا هاتەوە و گوتی«ئەها، هەڵبەتە تۆش دەبێ لەگەڵمان بی!»

دانێ گوتی«ئێلافڕیداش»

باوکی گوتی«ئێلافڕیدا!»

دانێ لە باوکی پرسی «خانووەکە ناوی چی بوو؟»

باوکی«گوتی ناوی سەفارەتخانەیە» بەڵام ئێمە نامانەوێ ئێوە لەبەر پێماندا گوڵە ڕۆز بارانمانکەن. پێم گوتی نامانەوێ لە خۆمانی گەورە کەینەوە. تەنیا خانەوادەی خۆمان و بەس. باسی ئێلافڕیداش هەرمەکە!

دانێ گوتی «ئەگەر وابێ منیش هەر نایم!»

باوکی وا تووڕە بوو ڕەش و شین هەڵگەڕا!



بەڵام دانێ هەوڵی ئەدا لە سەر خۆبێ. کەمێکی بیرکردەوە. بەخۆی گوت «ئێستا کە باوکم دڵی بەوەخۆشە، من دەبێ بەوە ڕازی بم. ئەمە گرینگە باوکم نابێ دووبارە تووشی خەمۆکی بێتەوە»

بەڵام ئەگەر  ئێلافرِیدا بۆ زەماوەند بانگ نەکەین نارِەحەت دەبێ. توشی خەم وخەفەت دەبێ. باشتر ئەوەیە کە باسی زەماوەند نەکەین. بێدنگی لێ بکەین.

دانێ خەمی ئەوەی بوو کە چۆن بتوانێ بێدەنگی لەبکا! بیری کردەوە، بە خۆی دەگوت«خاترجەمترین کار ئەوەیە لەوبارەوە لەگەڵ ئێلافرِیدا هیچ قسەیەک نەکەم»

دوایی رِووی کردە باوکی و پرسی«ئەی نەنکم و باوەگەورم نایەن؟»

باوکی کەوتە دوودڵی.

دانێ وەبیری هێناوە و گوتی«تۆ دەزانی ئەوکاتە کە خۆت توشی خەمۆکی ببووی، ئەوان ئاگایان لەمن دەبوو!هەر بۆیە ئێستا ئەوانیش دەبێ لە شایی و خۆشی ئێمەدا بەشداربن»

باوکی قسەکی دانێ قەبووڵ کرد.

بەڵام وادیار بوو  هەر تەنیا دایەگەورە دەیتوانی بەشداربێ. باوەگەورە گەرەکی بوو لە ماڵەوە بمێنێتەوە و ئاگای لە پشیلەکە و بەرازۆکەکانی دانێ بێ. حەزیدەکرد لەگەڵ چەن پیرەپیاوی هاوتەمەنی خۆی بچن بۆ کۆنسێرتی موسیقای جاز!

باوکی دانێ کەمێکی لەبارەی ڤێرا وە بیر کردەوە. بە خۆی گوت«دەبێ لە خوشی ڤێراش بگێرِینەوە. ئەگەر ئەو بتوانێ رِۆژێک بەرلە زەماوەندەکە لەگەڵ بووک بێ باشتر دەبێ. قامکی

ئاماژەی بەرەو ئاسمان ڕاوەشاند و گوتی هەر ئەو چەنکەسە بێن بەسە!»



## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (١١)

دانێ تازە لە نەخۆشی هەستابوەوە. هێشتا گەرووی چاک نەببوەوە. کەچی وا پێشهات کە بەوحاڵەش هەر چۆنێ بوو لەگەل باوکی چوو بۆ سەفەری «ڕۆم» بەوە نارەحەت بوو، کە ئێلافرێدای دۆستی لەگەڵیان بێ. ئەدەمەش کە گەیشتنە«ڕۆم»هەموو خزمەکانی باوکی لەوێ چاوەڕوانیان دەکرد. کەچی دانێ خوڵکی ناخۆش و لالوت بوو.




دانێ چاوی دەگێڕا و تەماشای ئملا و لای خۆی دەکرد. نەنکی «لویسا» و «ئانتۆنیتا»ی خوشکی بە خۆشحاڵییەوە دەستیان بۆ دانێ ڕادەوەشاند. هەر وەها «گۆسپە»ی مامیشی لەگەڵ ئامۆژنی «دۆناتیلا» و دوو منداڵەکەیان «ڕۆسانا» و «ئالێساندرۆ» و ئامۆزای باکیشی «ماریۆ» بۆ بەخێرهاتن بەرەوپیریان هاتبوون. یەکدتریان لە باوشگرت و ئەملا ولای یەکیان ماچ کرد. دوای

ئەوە «مارییۆ» سواری ماشێنی کردن و بردنی بۆ ماڵی «لوسیا» نەنکی دانێ. نەنکی دانێ بەتەنیا دەژیا تەنیا دیوێکی هەبوو. دانێ لە بیری ئەوەدابوو. جا، چۆن نەنکی و باوکی و ئەو لەو دیوە چکۆلەدا بخەون! دیوەکە تەنگەبەر بوو. زۆر گەرم بوو. مرۆڤ هەناسەی سوار دەبوو. بەڵام باش بوو هەیوانێکی چکۆلەی هەبوو.



دانێ بۆ ئەوەی خۆی فێنک کاتەوە چووە هەیوانەکە. کەمێک هەوای تازەی هەڵیلوشی. بەڵام نەنکی هات دەستی گرت و هێنایەوە ژوورێ.

باوکی گوتی «نەنکت دەترسێ بکەویە خوارێ».

دانێ گوتی «واش نییە من ناکەومە خوارێ. خۆ من منداڵی چکۆلە نیم!»

دانێ لە باوکیی پرسی«ئەم شەو لە کوێ بخەوین؟»

نەنکم تەنیا تەختێکی خەوی هەیە. هەر جێی خۆی دەبێتەوە.



دایەگەورە لە سەر مۆبلەکە و دانێ لە سەر دۆشەکێک لە سەر ئەدەکە خەوتن. باوکیشی چوو بۆ ماڵی «ماریۆ»ی ئامۆزای. ماریۆ پیانۆژەنە. دیوەکەیشی زۆر چکۆلەیە. هەر جێگای پیانۆکەی دەبێتەوە. باوکی دانێ بەناچار لە ژێر پیانۆکەدا خەوت. ماریۆ خۆی لە کومۆدەکەدا خەوت. بۆ ئەوەی جێگای بێتەوە درگای کومۆدەکە خستە سەر گرێژەنە.



باوکی بە دانێ و دایەگەورەی گوت«گوێی بەوەمەدەن، ئێمە چۆن دەژین»

نامانەوێ زۆر لێرە بمێنینەوە و بەمحاڵە بژین.

نەنکی خۆی سازکرد و گوتی«با بچین نێو شارتان نیشان بدەم.

دایەگەورە گوتی«فکرێکی باشە»

چوونە نێو شار و بە شەقامە تەنگەکاندا دەگەڕان. دانێ بۆ ئەوەی گوم نەبێ توند دەستی باوکیی گرتبوو. دایەگەورە مۆڵەتی نەدەدا کەس پشوو بدا. گەیشتنە ئەو شوێنە کە پێیان دەگوت«ڕۆمانۆ»جیگای ڕۆمییەکان کە چەن هەزار ساڵ لەوەپێش لەوێ کۆدەبوونەوە. بەڵام ئێستا تەنیا دیوارەکانی بە جێمابوون.

دایەگەورە گوتی«ئەگەر کەسێک لەگەڵ ئەوان نەبوایە. بۆی نەبوو بێتە ئەم شارە»

رۆژی یەکەم بەو شێوەیە تێپەڕی.



## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی- بەشی (١٢)

ڕۆژی دووەم لە شاری «ڕۆم»هەر وەکوو ڕۆژانی پێشوو تێپەڕی. ئەوە نەبێ کە خوشکی دایکی باوکم«ئانتونیللە» خۆی کردە بەڵدمان. حەزی دەکرد شارەکەیمان نیشان بدا. لەنێو شاردا گەڕاین. زۆری قسە بۆ کردین. تا گەیشنینە «ڤاتیکان» پاپی گەورو لەوێ دەژی.

لەوێ خەڵکێکی زۆر لەنۆبەدا وێستابوون. چاوەڕوانیان دەکرد کە بچنە ژوورێ. گەرەکیان بوو سەیری نەخشونیگارەکانی دیوی نێوەوەی کلیسای گەورەی دنیا بکەن.




دایەگەورە «لوسییا» و خوشکی«ئانتونێللە» پێکەوە قسیاندەکرد. ئانتونێللە گوتی«ئەگەر مرۆڤ ئەمانە نەبینێ وەکوو ئەوەیە کە شاری ڕۆمی نەدیبێ»

ئەوانەی لە کلیساکەدا بوو، سەریان هەڵێنابوو تەماشای تاقی ئەو خانووە

سەیرەیان دەکرد. دانێش وەک ئەوان ملی هەڵێنابوو تەماشای دەکرد. ئەوندەی تەماشای بنمیچ کرد تا سەری لە گێژەوە هات. ئیدی نەیتوانی لەوەزیاتر تەماشابکا!

دانێ بایەخ بەوەنادا کە خۆی بە تاقی ڕەنگاوڕەنگەوە کلیساوە ماندووکا! بەڵام ئەگەر ئێلافڕیدای لەگەڵ بوایە بە بۆنەی ئەوەوە ئەو کارەی دەکرد.



لەو وەختەدا نەیدەویست بیر لە ئێلافرِیدا بکاتەوە! بەڵام بە دەست خۆی نەبوو، بیری لێدەکردەوە. ئەوندەی بیر کردەوە هیچی لەبیرنەما بێجگە لە ئێلافرِیدا.

دایەگەورە «لوسییا» و خوشکی«ئانتونیللە» تێگەین کە کێشەیەک هەیە.

دایەگەورە و خوشکی بەزمانی ئیتالیایی گوتیان«وادیارە دانییلا خەمبارە؟» باوکی دانێ سەری ڕاوەشند. و گوتی«نا، هیچ نییە. کەمێک ماندووە. هەڵبەتە لەوەپێش کەمێک نەخۆشبوو»



ئەمجار ڕوو کرد دانێ و گوتی«کچی بابی وەرە تەماشای ئەو فریشتانەکە!»

دانێ وەڵامی باکیی نەداوە.



دایەگەورە گوتی«ڕەنگە برسیبێ. بابۆڵیەکی لە کیفەکەی دەستی دەرهێنا و دای بەدانێ»نانەکە وەک بەرد ڕەقبوو. دانێ واینواند کە خەریکە دەیخوا، بەڵام تا ئەوان ڕوویان دەکرد بەولاوە نانەکەی دەخستە گیرفانەی و دەیشاردەوە. دانێ حەزیدەکرد لە کەیکەکانی نەنکی بخوا. دایەگەورەی وەکوو نەنکی کەیکی خۆش دروست ناکا! دایەگەورە خۆی بەوەوە ماندوو ناکا کە خواردن و کەیک دروستکا. ئەو پێیخۆشە لە بارە مرۆڤەوە قسە بکا. باوکی دەیگوت ڕۆژی ٨ سەعات بە تەلەفۆن لەگەڵ دۆستەکانی یان لەگەڵ خوشکی قسەدەکا. ئەگەر زوو بەزوو یەکدی نەبینن تەلەفۆن بۆ یەکدی دەکەن.

لەودەمەوە کە هەردووکیان مێردەکانیان مردوون و ئەمان بێوەژن کەوتوون پێکەوە خۆش ڕادەبوێرن. ئانتونیللە ماڵەکەی گوێزاوەتەوە بۆ گەڕەکی ماڵی لوسیبیا.سەیر حەزیان لەوەیە کە ببنە بەڵەدی خەڵکی و شار و جێگای شوێنەواری قدیمی نیشان بدەن.



کاتێک گەیشتنە ئەو بەشەی کە پێدەڵێن «پێپلیکانی سپانیایی» دانێ ماندوو ببوو. نەیتوانی چیدی بڕۆا. لەسەر پیپلیکانێک دانیشت کە پشوویک بدا.
دانێ حەزی دەکرد ئامۆزاکانی ببینێ. بەڵام

ئەوان پشووی حەوتوی وەرزشیان نەبوو. هەربۆیە دانێ مەجبوور بوو لەگەڵ گەورەکان بێ و بەپێ ئەوان بڕوا و بگەڕێ. لەگەڵ ئەوانیش خۆش نەدەگوزەرا. چونکە بە زمانی ئیتالیایی ئەوندەیان قسە کرد دانێ لێیان وەڕەز بوو. ئەوەی زیاتر دانێی ئازار دەدا ئەوەبوو کە گەیشتنە مەیدانی گەورەی «کۆلۆسیوم» دایەگەورە بۆی دەگێڕانەوە و باوکی دانێ بە سوێدی تەرجمەی دەکرد. لە زەمانی کۆندا لەو مەیدانەدا «کۆیلەکانیان» مەجبووردەکرد کە لەگەڵ ئاژەڵەکێوی دڕەندە بەشەڕبین.



دانێ لە باوکی پرسی «ئەگەر مرۆڤ ئەو مەیدانە گەورەیە نەبینێ وەکوو ئەوەیە کە شاری ڕۆمی نەدیبێ؟»

باوکی گوتی «وادەڵێن ئەگەر مرۆڤ ئەو مەیدانە نەبینێ وەک ئەوەیە کە لە رۆم نەبووبێ!»

دانێ پێخۆش نەبوو لە بارەی ئەو «کۆیلانەوە» کە مەجبووریان دەکردن لەگەڵ ئاژەڵەکێوی بەشەربین قسەی بۆ بکەن. چونکە کە باسی ئەو هەموو وەحشیگەرییەی بۆ دەکەن دەترسیێ.



دانێ گوتی«من نامەوێ لێرەبم. ڤێرا بۆنەهات؟ من بۆیە هاتووم کە لە زماوەندی ئێوەدا بەشداربم»

باوکیشی وەبیری هاتەوە و گوتی «وەڵڵا منیش هەر چاوەڕێی ڤێرام» لەوە گەڕێ ئیستا بابڕۆین بزانین ڤێرا و لیزیتی خوشکی گەیشتونەتە فڕۆکەخانە یان نە!

دایەگەورە«لوسییا» و خوشکی زۆرتری کاریان هەرئەوە بوو کە شارە جوانەکەی خۆیان نیشانی نەنکم بدەن. نەنکیشم پێیخۆش بوو بۆ ئەوەی کە گەڕاوە بۆ سوێد بۆ دۆستەکانی بگێڕێتەوە و بڵێ من لە ڕۆم بووم.

دانێ لەگەڵ باوکی سواری تاکسی بوون و چون بزانن ڤێرا گەیشتوە. وەختێک ئەوان گەیشتن ڤێراش گەیبووە ڕۆم. لەگەڵ

خوشکەکەی لە کافەتریایەک دانیشتبوون چاوەڕێی دانێ و باوکی بوون.



## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی بەشی ــ ١٣

یەکگرتنەوەیەکی خۆش بوو. دانێی و باوکی هۆشیار بوونەوە. دەستیان کرد بە قسەکردن. لە زەوی و ئاسمانەوە پێداهاتن تا هاتنە سەر خۆیان.

دانێ دەستی خستە سەرشانی باوکی و گوتی باوکە «یەلاتۆ»م بۆ دەکڕی؟. یەلاتۆ بە ئیتالیایی یانی بەستەنی.

باوکی گوتی«ئەرێ بۆت دەکڕم، بەڵام لەم شوێنە بەستەنی فرۆشی باشی لێنییە. بابڕۆین لەو گۆشەی خیابانە بەستەنی فرۆشیەکی چاکی لێییە»

دانێ بە خۆشیەوە دەستی باوکی گرت و لەگەڵی وەڕێکەوت.



دانێ لە خۆشیاندا لە پڕێکدا دەستی باوکیی بەردا و لە ڕاستە سەقامەوە ڕۆیی. بەوردی ڕوانییە ئەمبەر و ئەبەری شەقامەکە. هیچ بەستەنی فرۆشیەکی بەدینە کرد. ڕۆی تا گەیشتە مەیدانێکی

گەورە. لە نێوەڕاستی مەیدانەکەدا «فەوارە»ێەکی لێ بوو. لە نزیکی فەوارەکە سەگێکی ڕەش بە قەد شێرێک وەر کەوتبوو.

دانێ لە بەرخۆیەوە گوتی«دەبێ بچمە پێشەوە بۆ لای ئەو سەگە»

سەیرە، دانێ بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە لەشەقام توشی سەگ دەبێ!

سەگەکە بێ خەیاڵ وەرکەوتبوو و چاوەڕێی خاوەنەکەی دەکرد. خاوەنەی سەگەکە بە تەلەفۆن قسەی دەکرد و دەهات بۆ لای سەگەکەی.



دانێ چوو بۆ لای خاوەنی سەگەکە و پرسی«سەگەکەت ناوی چییە؟»

وادیار بوو کە کابرای خاوەن سەگ لە دانێ حاڵی بوو. تەلەفۆنەکەی کوژاندەوە وگوتی ناوی«نێرۆ»یە

دانێ بە سەگەکەی گوت«سەلام نێرۆ»

سەگەکە بە ڕووی خۆشییەوە گوێی قوت کردەوە و تەماشایەکی دانێی کرد.

دانێ دەستێکی بە پشتە تووکنەکەی سەگەکەدا هێنا.

سەگەکە کەوتە کلکەسووتێ و خۆشەمایی کردن!

خاوەنەکەی پەتەکەی «نێرۆ»ی دا بە دانێ و لێی پرسی«دەتەوێ دەورێکی ئەو مەیدانەی بگێڕی؟»

ڕەنگە لە سیما و ڕوانینی دانێدا وادیاربێ کە لەگەڵ ئاژەڵ نێوانی خۆشبێ!

دانێ لەو پرسیارە خۆشحاڵ بوو. سەگەکەش ئیدی پێی نەوەڕی! لەگەڵی وەڕێ کەوت.



خاوەن سەگەکە دەیزانی سەگەکە بەرەو کوێ دەچێ. خۆشی بەدوایاند ڕۆیی. دەیویست لێ گوم نە بن. دانێ پەتی سەگەکەی توند دەیکێشا، بەڵام سەگەکە خێراتر دەڕۆیی. دانێ بە سوێدی گوتی «نێرۆ! ڕاوێستە»

بەڵام نێرۆ بە قسەی نەکرد. رۆیی ڕۆیی. لە پڕێکدا ڕوی کردە شەقامێکی دیکە. دانێ ڕپ ڕاوێستا و تادەیتوانی پەتەی سەگەکەی دەکێشا. کەچی بۆی ڕانەدەوێسا.

سەگەکە لای خانووێک وێستا. و بە دیواری خانووکەدا هەڵمیزت. و قوتە قوتێکی کرد و وەڕی کەوتەوە.



چوووە شقامێکی دەکە. لەوێش نەوێستا ڕووی کرد کۆڵانێک!لەوێ

لە بەر درگای خانووێەک زەرفێکی پڕ لەئاو دانرا بوو. وادیار بوو کە سەگەکە زۆری تونی بوو.



بەپەلە ملّچە ملّچ تێری ئاو خواردەوە. دوایە لە بەر درگای خانووەکە دانیشت. نیازی نەبوو لە جێی خۆی ببزوێ!هەر چەند دانێ لێی

پاراوە و دەیگوت هەستە دەبێ بگەڕێنەوە! ئەگەر زوو نەگەڕێنەوە خاوەنەکەت دەڵ پەرۆش دەبێ. سەگەکە تا خاوەنەکەی نەهات لە جێی خۆی نەبزووت. کە خاوەنەکەی هات جاو، ئەودەم بەبێ کێشە هەستا و چووە ژووری.

کابرا گیرفانی کەواکەی گەڕا بە زمانی خۆی ورتەیەکی لێوە هات. نوقڵی دەرهاێنا و دەستی ڕاگرت بۆ دانێ.

دانێ سەری ڕاوەشاند و گوتی«نا، من ناتوانم نوقڵ لە نەناسیاو وەرگرم»

کابراکە گەرەکی بوو بە زۆر دانێ ڕازی بکا. بەڵام بۆ نەکرا!لە داخا درگاکەی بە توندی پێوەدا و رۆیشتە ژووری.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (١٤)

دانێ بە خۆیدا هاتەوە. ئێستا دەبوو بەپەلە بگەڕێتەوە بۆ کافەکە. بەڵام نەیدەزانی لە کوێوە هاتبوو. کاس و وڕبوو. لە گۆشەیەک وێسا. بیری هاتەوە ئەو بەدوای سەگەکەدا ڕۆیبوو. بەبێ ئەوەی بزانێ بکام ڕیگادا ڕۆیوە. لەبەر خۆیەوە«حەتمەن باوکم لە خۆی دەپرسێ من لەکوێم!» هیوادارم باوکم وابیرنەکاتەوە کە من . . .

لە خۆی پرسی ناوی چیبوو؟ بەڵام هەرچەندی کرد وەبیری نەهاتەوە. دانێ بەپەلەتر ڕۆیی چووە شەقامێکی دیکە. گەیشتە مەیدانێک. بەڵام ئەو مەیدانە نەبوو کە ئاوهاوێژەکەی لێبوو!



ئەو مەیدانە چکۆلە و تاریکە چووڵ بوو.

کۆترێکی سپی بە باڵەفرە لە بەرپێی دانێ نیشتەوە.

دانێ گوتی«کۆترە چکۆلە تۆش وەکوو من تەنیای؟» وەبیری هاتەوە کە تیکە نانەکەی دایگەورە«لوسیا» لە گیرفانیدا وردبووە. دانێ بەکۆترەکەی گوتی «وەرە شتێکت بدەمێ»کەمێکی وردە نان بۆ هاویشت. کۆترەکە خێرا چینەی لێکرد. پۆلێک کۆتر بە قاو قیژ لە دەوری کۆبوونەوە و وردە نانەکەیان چنییەوە. دانێ بۆ ئەوەی کۆترە چکۆلەکە وەردە نانەکە بخوا بە کشەکش هەڵیفڕاندن.




بەڵام دووبارە بە باڵەفڕێ هاتنەوە. دانێ تیکەیەکی دیکەی نان بۆ فڕێدان. کۆترەکان پێکدا هەڵپڕژان! تێریان چینە کرد و دایان لە شەقەی باڵ. کۆتر چکۆلەکەش بە دوایاندا هەڵفڕی و لە چاو گوم بوو.

دانێ دووبارە بەتەنیا ماوە. کەوتە بیرکردنەوە چۆن بگەڕێتەوە بۆ لای باوکی. سەرگەرمی کۆترەکان بوو، بیری لەوە نەکردبووەوە چۆن بگەڕێتەوە. دانێ حاڵی باش نەبوو، وەڕەز بوو. بە خۆی دەگوت

«بەمجۆرەنابێ، دەبێ رێچارەیەک پەیداکەم بگەڕێمەوە»



(ئەگەر ڕووداوێک ڕووی بدایە دانێ وای دەگوت. کاتێک نەنکی کتێبی بۆ دەخوێندەوە پەنجەی دەنا بەلێویەوە. یانی نامەوێ گوێم لێبێ وەڕەز بووم.) بەڵام ئەمجارە ڕووداوەکە هی نێو کتێب نەبوو. بەڕاستی ڕووی دابوو. دانێ لە شاری«ڕۆم»ومببوو. لەو شوێنەش کەس دیار نەبوو پرسیاری لێبکا ئێرە کوێیە. لەو مەیدانە چکۆلە تاریک و بێدەنگەدا، گوێی لە دەنگی بیرکردنەوەی خۆی بوو. بیری چوو بۆ لای «ئێلا فڕیدا»گوتی من گەرەکم نییە لەوە زیاتر لێرەبم.لەودەمەدا دەنگێک هاتەگوێی کەسێک بانگی کرد «دانێ!»



باوکی بوو، هات بەرەوپیری.

دانێ هاواری کرد «باوکە گیان!» خۆی هاویشتە باوشی.

باوکی دانێی هەڵگرت و لە ئامێزیگرت.پرسی «ئەوە لێرە چدەکەی؟»

دانێ گوتی«بە شوێن بەستنی فرۆشیدا دەگەڕام. توشی سەگێک بووم»

باوکی دای لە پڕمەی پێکەنین و گوتی«کچم مەگەر تۆ منداڵی چکۆلەی بەدوای سەگێکدا ڕاکەی و ڕێگات لێگوم بێ!»

دانێ گوتی «من بەدوای سەگەکەدا ڕامنەکرد پێم جوان بوو. پرسیم ناوی سەگەکەت ناوی چییە؟

مامەی خاوەن سەگ گوتی ناوی «نێرۆ» پەتەکەی دادەستم و گوتی «ها برۆ دەورێکی بگێڕە»

منیشی بەدوای سەگەکەدا ڕۆیشتم. کەچی «نێرۆ»تونی بوو، ڕایکرد بەرەو مالی خۆیان. منیش ڕێگاکەم لێ ون بوو.

باوکی ئاخێکی هەڵکێشا و پرسی«کامە مامەی خاوەن سەگ؟ وانییە دانێ. یانی کابرا تۆی بەتەنیا لەگەڵ سەگەکەی بەڕەڵاکرد!»

دانێ گوتی«پیاوی چاک بوو. نوقڵی دامێ بەڵام من لێم وەرنەگرت»

باوکی گوتی«چاکت کرد پێتگوت من بۆم نییە شت لە نەناسیاو وەرگرم!»

هەرچی دانێ پاکانەی بۆ خۆی کرد فایدەی نەبوو. باوکی خوڵکی ناخۆش بوو تا ئەودەمەی هێرشی کۆخە زۆری بۆ دانێ هێنا.

باوکی خێرا حەبێکی گەروو ئێشەی دا بە دانێ و دەستی گرت و گوتی

«وەرە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵێ بۆلای ڤێرا. ئێسا ئەویش دڵپەرۆشی ئێمەیە»

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (١٥)

کاتێک گەڕانەوە بۆ کافەکە، مەسەلەکە هێندەی دیکە خراپتربوو.

«لیزت» بۆڵەی بە سەر دانێدا کرد و گوتی

«ئەوە نازانی ڕەنگە شتی خراپتر ڕووبدا»

دانێ چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، پرسی «یانی چی؟»

لیزت گوتی«مەگری!تۆ نابێ بەتەنیا لە شاری ڕۆم دا بگەڕێی»

ڤێرا گوتی«دانێ!مەتۆرێ ئێمە ترساین.وامانزانی تۆ گوم بووی. نەماندەزانی چیت بەسەر هاتووە. وامان دزانی ڕفاندویانی»

دانێ هەناسەیەکی هەڵکێشا وشەی ڕفاندنی وەبتیر هاتەوە.



دانێ فینگە فینگێکی کرد و گوتی

«مرۆڤ نابێ بەسەر کەسێکدا کەڕفێدرابێ ئەوندە بۆڵە بۆڵ بکا»

ڤێرا گوتی«با بچین پیاسەیەک بکەین و پشوێک بدەین. ئەهۆن دەبینەوە»

باوکی دانێش گەرەکی بوو لەگەڵیان بچێ.

ڤێرا سەری ڕاوەشاند و گوتی«نا، تۆ لێرە بمێنەوە»دەستی دانێی گرت و کەوتنەڕێ. ڤێرا دەیویست بزانی دانێ بۆ ناڕەحەتە. دەسرە سڕێکی دا بە دانێ تا لووتی خاوێنکادەو و پرسی «بەڕاستی لە تۆ لە چی ناڕەحەتی؟»



دانێ دیسان فینگە فینگێکی کرد و گوتی«من نامەوێ لێرەبم»

ڤێرا گوتی«لەبەر چی ناتەوێ؟ سبەینێ جەژنی زەماوەندی من و باوکتە؟»

دانێ لە باتی جوابدانەوە، سەری ڕاوەشاند.

ڤێرا گوتی «دەمانەوێ بچین بۆ شاری «وێنەدیک» باوکت و من تۆ»

دانێ گوتی به ڕاسته؟

ڤێرا گوتی«بەڵێ بەڕاستمە. بەڵام لەبیرتبێ ئەمە نەهێنییە»

دانێ تەزوێکی پێدا هات. گوتی «یانی منیش دبێ لەگەڵتان بێم؟»

ڤێرا گوتی«کە گەیشتینە ئەوێ دەمەوێ شتێەکی تایبەتیت پێ بڵێم»



باڵام دانێ لەسەر قسەی خۆی سوور بوو. گوتی«من نامەوێ بێم بۆ «وێنەدیک». ئەوێشم پێێ خۆش نییە!»

ڤێرا پرسی «ئەی دەتەوێ لە کوێ بی؟»

دانێ گوتی«حەزدەکەم لەلای ئێلا فڕیدا بم»

ڤێرا ڕووی وەرگێڕا چاوی کەوت بە جامخانەی فروشگایەک. ڕووی کردەوە دانێ و گوتی«تەماشا ئەو هەمووە شتومەکە جوانی لەو بوتیکەدا. ئاماژەی کرد بۆ ژاکەتێکی کچانە کە بە ئیتالیای لە سەری نووسرا بوو

(Ti Amo) گوتی ئەو نووسراوەیە یانی من تۆم خۆشدەوێ»

دانێ بە لالووتەوە گوتی«دەزانم چونکە باوکم هەمیشە وام پێ دەڵێ»

ڤێرا گوتی«دیاریەکی چکۆلەت پێویستە»

دانێ خێرا پرسی«مەبەستت ئەوەیە ئەو ژاکێتە بکڕم بۆ ئێلا فرێدا»

ڤێرا بێوڵام دانەوە بە دانێ درگای بوتیکەکەی کردەوە و چووە ژوورێ. دانێش بە دوایدا چووە ژووری.

# ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی- بەشی (١٦)

کاتژمێرێک زڕەی لێوەهات و بێدەنگی شکاند. فرۆشیارەکە ڕوو بەڕوویان وێستا. دانێ سەیری دەور و بەری خۆی کرد. لە دووکانەکەدا شتومەک لە ئەردییەوە تا بنمیچ هەڵچنرابوو.

لە سەر مێزێک ماسکی ئاژەڵی جوان دانرا بوو. دانێ ماسکی پشیلەیەکی هەڵگرت و نایە بەر دەموچاوی. لاسایی پشیلەی کردەوە «میاو، میاو»

بەڵام ڤێڕا نەیدەویست گوێی لێبێ! ئەو بلوزێکی منداڵانەی هەڵگرت و لە دانێی پرسی«دەنا، ئەمە جوان نییە؟»



دانێ گوتی «با، جوانە» ماسکی پشیلەکەی لە لا تەنیشتی شاردبوەو. گوتی ئێستا من بە بووکلە کایە ناکەم. لەگەڵ ئاژەڵی جوان و ڕەزاسووک یاری دەکەم.

ڤێڕا گوتی«ئەم بلوزە بۆ بووکلە نییە! ئەمە بۆ منداڵی ساوای ڕاستییە»

دانێ گەرەکی نەبوو گوێ بگرێ. دووبارە ماسکی پشیلەکەی ناوە بەر ڕوخساری. و میاواندی میو، میو

ڤێرا پرسی «ئەمەت دەوێ؟»

دانێ دووبارە «میاواندی»

فرۆشیارەکە دەستی کرد بە پێکەنین ئەو ماسکەپشیلەیە بۆ تۆ

ڤێرا گوتی«من ئەم بلوزە منداڵانە هەڵدەگرم»

دانێ لە خۆیی پرسی«ئەی ئێلا فڕیدا!»



ڤێرا سەرگرەمی پووڵدانی شتەکان بوو، گوێی لە دانێ نەبوو.

دانێ نەیوێرا ئەوەی دەیویست دووبارەی کاتەوە.

ڤێرا فریانەکەوت بەد خڵکی بکا. ئەویش ئێستا کە دەیەوێ مێردبکا ، زەماوەندەکە لە خۆیان خراپکا.

کاتێک لە دووکانەکە دەرکەوتن، دانێ بە سەرسامییەوە پرسی

«ڤێرا! تۆ بە بووکلە کایە دەکەی؟»

ڤێرا گوتی«ئەم بلووزە بۆ بووکلە نییە»

دانێ گوتی  ئەی بۆ کێت کڕیوە؟

ڤێرا گوتی کاتیک گەیشتینە «ڤێنێدیک» پێتدەڵێم.

بەڵام دانێ ئەو قسەی قەبووڵ نەبوو. گوتی«من دەمەوێ ئێستا بزانم»

ڤێرا دڵپڕ گوتی«بۆ خوشکت یان براکەت تۆ دەبیتە خوشکە گەورە!»

دانێ لە کونی ماسکەکەوە چاوێکی لە ڤێرا کرد و پرسی«باوکم دەزانێ؟»

ڤێرا گوتی «نا، باوکت نازانێ. بەڵێنم پێ بدە هیچی بۆ نەگێڕییەوە. خۆم پێ دەڵێم»

دانێ چاوی وێکنا و هەر وەک تیشکی خۆرەتاو ڕۆشناییەک کەوتە دڵی.

ڤێرا گوتی « دانێ گوێت لێب وو؟ بەڵێنم بدەیە هیچی پێ نەڵێی»

دانێ چاوەکانی هەڵهێنا. پرسی «خوشک یان براکەی من ناوی چیدەبێ؟»

ڤێڕا گوتی «تۆ چیت پێخۆشە؟»

دانێ گوتی «هەتاو!»

ڤێڕا بە سەر سووڕمانەوە گوتی«هەتاو! بەڵام بیر لەوە بکەوە، ئەگەر منداڵێکی بەد خوو بێ»

دانێ بە پێکەنینەوە گوتی«خوشک یان برای من بەد خوو نابێ»

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (١٧)

باوکی دانێ لە کافەکە دانیشتبوو، چاوەڕوانی دانێ و ڤێرای دەکرد.

«لیست» چبوو پرچی ڕێکوپێک بکا و خۆی جوانکا. بەڵام باوکی دانێ نەیدەزانی ڤێرا و دانێ لە کوێن و چ دەکەن.

کاتێک گەڕانەوە «گیانی» تا چاوی بە ماسکی پشیلە کەوت، لە ڤێرای پرسی «ئەمە چییە لەمکاتەدا، ئەمە پێویست بوو؟»

ڤێرا گوتی«بەڵێ پێویست بوو. گرینگە کاتێک ئێمە زەماوەند دەکەین دەبێ میوانەکان خۆشحاڵ بن، بەتایبەت دانێ»

دانێ گوتی«ئەی ئێلا فڕێدا؟»

باوکی گوتی «دەبەسە!ئیدی باسی ئێلا فڕیدا لەلای من مەکە»



ڤێرا بە توورەیەوە گوتی «گیانی تۆش زۆری لەسەر دەڕۆی!»

باوکی دانێ گوتی«ئەی دانێ نابێ تێبگا لە داهاتودا دۆستی تازە پەیدا دەکا»

دانێ لە بەر خۆیەوە «بەڵام نابنە باشترین دۆست» وادیار بوو دڵی پڕ بوو لەوانە بوو بداتە قووڵپەی گریان. بوو هەوری خەفەت  پڕشنگی ڕۆشنایی لە بەر چاوی داپۆشی.

ڤێرا لە دەست گیانی تووڕە بوو، گوتی«گیانی ئەی تۆ بۆ تێناگەی مەسەلە ئەوە نییە»

گیانی پرسی «ئەی مەسەلە چییە؟»

ڤێرا گوتی«مەسەلەی وەفادارییە. دانێ نایەوێ باشترین دۆستی لە بیر نچێتەوە. ئەویش وەکوو تۆ وایە. تۆ نەتتوانی منت لە بیر بچێتەوە. تا من تۆرام جا، تێگەیەشتی منت خۆشدەوێ»

ڤێرا سوور هەڵگەڕابوو، ڕووی کرد بە ولاوە، با گیانی نەیبینێ.



گیانی گوتی«ئێستا دەتەوێ لە سەر ئەوە چەلەحانێم لەگەڵ بکەی؟ ئەویش ڕۆژی پێش زەماوەند کردنمان!»

دانێ گوتی «له بیرتان نەچی! ئەوە من بووم هاتم ئێوەم ئاشتکردەوە»

ڤێرا گوتی« وایە تۆ ئێمەت ئاشتکردەوە. ببوورە من ماندووی ڕێگام. دەچم بۆ هوتێل پشوێک بدەم. گیانی ئاگات لە دانێ بێ خواردنی بدەیە»

دانێ چەپڵەی بۆ خۆی لێ دا. گوتی«گیان سپارگێتتی دەخۆم»

کاتێک ڤێرا ڕۆیی باوکی دانێ پرسی«ئێستاش خەمباری؟»

دانێ گوتی «نا، خۆشحاڵم بەڵام ناڵێم لە بەر چی»

باوکی گوتی«بۆ پێم ناڵێی؟»

دانێ ماسکی پشیلەی لە ڕووی داماڵی و میاواندی.

باوکی دای لە قاقای پێکەنین. گوتی «زۆر سەیرە، ئەو ماسکەپشیلەیە» بچین ماسکە پشیلەیەکی دیکە بکڕین بۆ ئێلافڕیدا»

دانێ واقی وڕما ، باوکی هەر دەمەی قسەیەک دەکا. دەمێک دەڵێ باسی ئێلا فڕیدا مەکە، دەمێک دەڵێ بچین دیاری بۆ ئێلا فڕیدا بکڕین. ڕاست ئەو شتەی من دەمەوی.

باوکی گوتی«با بڕۆین سپارگێتی بخۆین و بگەڕێنەوە ماڵێ بۆ لای دایەگەورە- لوسیا-کەمێک بحەسێنەوە»

ئەو ئێوارەیە دانێ ئەوندە ماندوو بوو، پێویستی نەبوو کە نەنکی چیرۆکی شەوی بۆ بگێڕیتەوە. زووتر چوو بخەوێ.

نەنکی چونکە تەواوی ڕۆژ بە دوای دایەگەورە «لوسیا» و خوشکی «ئانتۆنییێەلا»دا بە ڕێگادا ڕۆیشتبوو. لاقەکانی دێشان.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی - بەشی (١٨)

بۆ بەیانی، کاتێک دانێ لە خەو هەستا یەکەم شتێکی وەبیری هاتەوە ئەوە بوو کە ئەو نهێنیەی لە دڵیدا بوو نەیدرکێنێ. دانێ هەستا و لە سەر تەختەکەکەی دانیشت.

لە نەنکی پرسی «من لە خەودا قسە دەکەم؟»

نەنکی گوتی«نا، قسە ناکەی پێدەکەنی!»

دانێ گوتی«بە ڕاستە، ڕهگە لە هی ئەوەبێ کە خەونم بە ڕۆژەوە دەبینی!» ئەوەی گوت ولێوی خۆی کرۆشت.



بەڵام نەنکی پێی وابوو دانێ لە بارەی کەش و هەواوە قسەی دەکرد. دانێ لە پەنجێرەوە تەماشایەکی دەرێی کرد و گوتی«وادیارە ڕۆژێکی ڕووناکە، بەڵام ئەگەر باران بباری!»

دانێ بەپەلە بوو. دەبوو زوو ناشتایی بخوا،دوش بگرێ و سەر و پرچی بشوا. کراسە داوێن درێژەکەی کە دایەگەورەی«لوسیا»بۆی کری بوو لە بەرکا، بەداخەوە کراسە داوێندرێژەکەی رەنگی ئاڵ نەبوو، بێجگە لە هەورێشمی زەرد کە بە مرواری گوڵدۆزی کراو.



خوشکی دایەگەورەش «ئانتۆنییەلا» شەرواڵێک و قژگیرەی پڕشنگداری بۆ کری بوو. بەڵام جوانترین شت پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی بوو. دیارە تا ئێستا پێڵاوی وا جوانی لە پێ نەکرد بوو.

دوایە کاتی ئەوە بوو کە بە پەلە بچن بۆ کلیسا. کاتی ئەوە بوو کە «گیانی» ژنێکی دیکەی هەبێ و ڤێڕاش مێردێکی هەبێ. هەروەها دانێ زڕدایکێکی مێهربانی هەبێ.

مارەبڕینی «گیانی» و «ڤێڕا» زوو تەواو بوو. هەردووکیان بە ڕەزامەندی گوتیان بەڵێ بە یەک ڕازین.دانێ دەستەگوڵی بووکی بە دەستەوە لەگەڵیان بوو. گیانی ئەنگوستیلەی لە ئەنگوستی ڤێڕا

کرد. ڤێرا تاجی بووکێنی نەبوو. لە باتی تاجەگوڵینەیەکی لە سەر نابوو. کەچی هیچ شازادە خانمێک بەقەت ئەو لە بەر چاوی دانێ جوان نەبوو.



گیانی وای دەزانی کە دوای مارەکردنەکە بە خواردنی نیوەڕۆژە جەژن تەواو دەبێ. بەڵام کاتێک هاتنە سەر خیابان دیتی خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەتەوە چاوەڕوانی ئەوان دەکەن.

دەنگۆ بڵاو ببوەوە کە گیانی دووبارە ژنی هێناوە، ئەمڕۆ زەماوەندە. خزم وکەس و دۆست و ئاشنا لە نزیک و دوورەوە بە هەروەز هاتبوون کە پیرۆزباییان پێ بڵێن! لەگەڵیان چوون تا ماڵی دایەگەورە لەوێ لە باخچەچکۆلەکەی دایەگەورە براکەی گیانی «گیوسپ» و ژنەکەی خەریک بوون مێز و سەندەڵی و کەوچک و چەتاڵ و سینی و دەوری و لیوان و ئاخۆرییان دادەنا بۆ میوانەکان.

گوڵۆپی ڕەنگاوڕەنگیان بە دار و دیوارەوە هەڵواسی بوو، چراخانیان دروست کردە بوو. لە چێشتخانە چکۆلەکەی

دایەگەورە ئاشپەز و دوو کوڕی لە بەردەستدا بوون خەریکی چێشت لێنان بوون. بۆن و بەرامەیەکی خۆشیان لە ماڵەکە و باخچەکەدا بڵاو کردبووەوە.

لە پەنجێرەکەوە  شەپۆلی ساز و ئاواز دەهاتە گوێ.

«ماریو»ی ئامۆزای گیانی بوو پیانۆی دەژەند.

لە ئاشپەزخانە چکۆلەکەی ئەویشەوە خەریکی نان و چێشت سازکردن بوون. کوڕە بەردەستەکان لە نێوان ئاشپەزخانە و باخچەکەدا لە هەڵات هەڵاتدا بوون.

میوانەکانیش پۆشتە و پاک وخاوێن شاد و خۆشحاڵ بە کۆڕ گۆرانییان دەگوت و دەیان گوت پیرۆز بێ لە بووک و زاوا بژین بە شادی و خۆشی.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (١٩)

بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ (٧) جۆر خواردنیان لە سەر سفرە دانابوو. بەڵام دانێ تەنیا پاستای بە سۆسی گارگەوە خوارد. چێشتەکە ئەوندە خۆش بوو یەک دەوری پڕ تێری خوارد و دەورییەکەی نا لاوە.

«گیانی»باوکی دانێ، پیاڵەکەی هەڵێنا و  بە سوێدی و ئیتالیایی هەندێک قسەی کرد گوتی «بەسڵامەتی میوانەکان» قومێکی لێخوادەوە و لەسەر مێزەکە دainا. بەردەوام باسی ئەوەی کرد کە چۆن یەکەم جار لەگەڵ ڤێرا بونە ناسیاو.



گوتی «ئەو دەمە بوو کە وەبەر ماشێن کەوتم، لە نەخۆشخانە بێ هۆش کەوتبووم. کاتێک وەهۆش هاتمەوە، بینیم پەرستارێک وەک فریشتە بە سەر سەرمەوە وێستاوە. ئەو پەرستارە ئەم ڤێرا خاتوونەیە کە ئێستا ئێوە دەیبینن»  میوانەکان بەتێکڕایی بە دڵ گوێیان دابووە قسەکانی کاکی زاوا!

دانێ بە دڵپەرۆشی نەنکی لە باوش کرد. نەنکیشی دانێی لە ئامێز گرت.

لیزیت خوشکی ڤێرا جلوبەری پۆلیسی گۆڕی بوو، کراسێکی داوێن درێژی سەوزی گیاڕەنگ لەبەرکردبوو. پێی دەکەوت و زۆری لێ جوان بوو. تەواو هۆشی لای قسەکانی گیانی بوو.



ئەم جژنی زماوەندی باوکی باشترین ڕێکەوتبوو بۆ دانێ. ئەوەبوو کە لە نزیکەوە ئامۆزاکانی و دۆستەکانی لەوێ بینی**!** لەگەڵ ئەوان شایی و خۆشی و یارییان دەکرد. هەموو خزمەکانی باوکی لەوێ بوون. بەتایبەت «ڕۆسانا»ی کە تەمەنی لە دانێ زیاتر بوو. ئەو لە تافی خۆناسیندا بوو.



کاتێک کایەی چاوشارکێیان دەکرد «ڕۆسانا» دەیویست لە ئاشپەزخانە خۆیان بشارنەوە. بەڵام «ڕۆبێرتۆ» کوڕە ئاشپەزەکە خەریک بوو کەیکی زەماوەندی دەڕازاندەوە**!** هەر بۆیە لەوێ نەدەبوو خۆ بشارنەوە. سەیر ئەوە بوو «ڕۆسانا» تا چاوی کەوت بە «ڕۆبێرتۆ»کەوتە ناز و خۆ شیرینکردن**!**



ڕۆبێرتۆ بە جارێ شڵەژا. ئەو پەرۆشی ئەوە بوو کە زووتر کەیکەکە بڕازێنێتەوە. چونکە هەر ئێستا میوانەکان گەرەکیان بوو بە کۆڕ گۆرانی بڵێن. هەر بۆیە گەڕاوە بۆ لای مێزی کارەکەی.

ئەو گۆرانیانەی ئەوان دەیان گوت، دانێ نەی بیست بوو.







دەنگی «ئالەساندرۆ»ی خزمی خۆیی لە هەموویان زیاتر پێخۆش بوو. ئەگەرچی ئالەساندرۆ منداڵ بوو. ئەو هاوتەمەنی دانێ بوو. بەڵام وەکوو گۆرانی بێژێکی لێزانی کۆری ئۆپرا گۆرانییەکەی بەرێ و جێ گوت . خوشکی بووکیش«لیزیت» گۆرانییەکی گەلۆری سوێدی زۆر خۆشی بەم بە دەنگە گڕەکەی خۆی بۆ بووک و زاوا گوت. هۆنراوەی گۆرانییە ئابەم شێوەیەیە «گەرەکمە گوڵی کێوی بچنم بەدەستە و بیکەم بە تاجەگوڵی بووک»

لە کۆتای جەژنەکەدا نۆرەی زاوا زێڕینە «گیانی» یانی باوکی دانێ بوو. ئەویش گۆرانی ئۆپرای موزیکاڵی موزارتی بە ناوی «ئەوینی ئاریا» پێشکەشی بووکی بەختەوەر یانی ڤێرا خاتوون کرد.


## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٢٠)

کاتێک تاریک داهات فانۆسی ڕەنگاورەنگی حەوشە و باخچەیان ڕۆشن کرد. دایەگەورە بە دەوری مێزەکاندا گەڕا و لە سەر هەر مێزێک مۆمێکی داگرساند. دوایە چەند سەعاتێک بە نانخواردن و قسەکردن و موزیک و گۆرانی، لەگەڵ کایەکردنی منداڵان خۆشیان گوزەراند.

ئێستا کاتی کەیک بڕین و دابەشکردنی بۆ میوانەکان بوو. ڤێڕا بەکاردێکی پلاستیکی کەیکەکەی بڕی بەشێکی دا بە دانێ. دانێ لەدڵەخۆیدائەگەر ئێلافڕیدا باشترین دۆستی دانێ لەوێبووایە خۆشتر دەبوو. دانێ لە ماوەی ڕۆژدا ئەوندە خۆشحاڵ بوو، بیری لە ئێلافڕیدا نەکردبوەوە.



تێریخوارد و دەرییەکەی نا ئەولاوە.
نەنکی پرسی بەشێکی دیکەش دەخۆی؟
دانێ خۆی هاویشتە باوشی نەنکی و گوتی«نا بەسمە»
لەو جەژنەدا لە نێو میوانەکاندا نەنکی دانێ خەمبار دیار بوو.
ڕەنگە ئەوە بیر هاتبێتەوە کە کاتێک گیانی لەگەڵ کچەکەی یانی دایکی دانێ زماوندیان کرد!
دانێ پرسی «نەنکە بیر لە مردنی دایکەم دەکەیتەوە، خەم دەخۆی؟»
نەنکی دەستی بە سەر دانێدا هێناو گوتی«ئەرێ کچی خۆم»
دانێ پرسی«نەنکە دایکم بە بووکێنی جوان بوو؟»
نەنکی«بڵێ زۆر جوان بوو»ئەوەی گوت فرمێسک بە چاویدا هات.



نەنکی دانێی لە باشگرت و دەستی هێنا بە کوڵمە نەرمەکەیدا.
دانێ پرسی«نەنکە دەتوانم شتێکی دیکەت لێ بپرسم؟»
نەنکە گوتی«ئەرێ دڵەکەم بپرسە!»
دانێ پرسی«سبەینێ دە گەڕێیەوە؟»
نەنکی گوتی«بەڵێ سبەینێ سواری فڕۆکە دەبین بەرەو ماڵێ!»
دانێ پرسی «دەتوانم منیش لەگەڵت بێمەوە؟»
نەنکی کەمێک گرژ بوو،گوتی«بەڵێ پێم خۆشە تۆش لەگەڵم بێیەوە بەو مەرجەی کە گیانی باوکت و ڤێڕا ڕازیبن»
دانێ گوتی«نەنکە دەکرێ بچی قسەیان لەگەڵ بکەی!»



نەنکی گوتی«نا، ئێستا ئەوان پێکەوە سەمای بووک و زاوا دەکەن. دوایە»

دانیَ لە جێگای خۆی هەستاو گوتی«واباشە خۆم قسەیان لەگەڵ بکەم»

لە ڤێرا دەگەڕا، بەڵام ڤێرا خەریک بوو لکەی قاوەی لە کراسەسپییەکی بووکێنی پاکدەکردەوە.هەڵبەیتە «لیزیتی خوشکی یارمەتی دەکرد»

دانیَ بە ڤێرای گوتی«ڤێرا کارێکبکە من نەیەم بۆ - وێنەدیک»

ڤێرا گوتی«باشە، بەڵام لە بیرت نەچێ لەوێ چ دەبێ»

دانیَ گوتی«نا، لیزیت دەیەوێ جیمان پێ بڵێ کو . . .»

ڤێرا بە چاو دانیَ تێگەیاند بێدەنگبێ. بەڵام دانیَ بێدەنگ نەبوو گوتی

«من دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ سوێد. دەکرێ لەگەڵ باوکم قسە بکەی ئیجازە بدا؟»

ڤێرا گوتی «نا، من پێی ناڵێم»

باوکی دانیَ وێستا بوو لەگەڵ موزیک ژەنێک قسەی دەکرد. دانیَ خۆی گەیاندی. هەناسەیەکی هەڵکێشا بە باوکی.گوت«باوکە پرسیارم هەیە»

باوکی گوتی«پرسیاری چی خۆشەویستەکەم؟»

دانیَ گوتی «بەڵام بە مەرجێک نابێ لێم تووڕەبی»

بۆ دەبێ تووڕەبم، من ئەوندە خەمبار بووم ناڕەحەتیم بەزاندووە!

دانێ بزەی هاتێ و بە ئیتالیایی گوتی «مولتۆبێنە»زۆرباشە.
باڵام باوکی پێسەیر بوو.
دانێ پرسی «باوکە بۆم هەیە لەگەڵ نەنکم بڕۆمەوە؟»
وێدەچوو جوابێکی ئەرێنییێ
باوکی بزەی هاتێ و بسکەی سمێڵی دەهات. بەڵام تۆمەزانە بۆ ڤێرا بوو کە هاتبوو بیبا بۆ سەمای«واڵس»بۆیە باولی کەیفی ساز بوو!
لیزیت گوتی من سەفەرێکی خۆش ڕێکدەخەم کە بچین بۆ «وێنەدیک»
لەودەمەدا دانێ هات و گوتی من نایەم بۆ سەفەر. چونکە دەزانم لەوێ چی ڕوو ئەدا.
ڤێرا بە چاو هەڕەشەی لێ کرد کە باسی ئەو مەسەلەیەنەکا!
دانێ گوتی«ڤێرا دەیەوێ پێمان بڵێ،من بەمزوانە دەبمە خوشکە گەورە!»
ڤێرا ڕووی کرد بەولاوە. دانێش بێدەنگ و ماقیوڕما.
ئایا باوکی گوێی لێبوو دانێ گوتی چی؟
بەڵێ باوکی گوێی لێبوو. ڤێرای لە ئامێز گرت و بە دنگی بڵەند «هاواری کرد بەڕاستانە؟»
ئەودەم دانێ هەلی بۆ هەڵکەوت،

دووباره له باوکی پرسی«باوه بۆم هەیە لەگەڵ نەنکم بڕۆمەوە؟»
باوکی بەو خەبەرە کە ڤێڕا ئاوسە، زۆرخۆشحاڵ بوو. بەڵام گوڕاندی بە سەر دانێدا وگوتی«هەر کارێک پێتخۆشە بیکە!»
دووبارە ڕووی کردەوە ڤێڕا و لە ئامێزیگرت و گوتی «ڤێڕا پێم بڵێ کەی منداڵمان دەبێ!» دەستی ڤێڕای بەردا و لە بەرنبەریدا دەست بە سینگەوە چەماوە. دوایە تاماندوو بوون پێکەوە سەمایان کرد.
دانێ بە هەناسەبڕکی گەڕاوە باوشی نەنکی گوتی«نەنکە ئیجازەم هەیە»
نەنکی گوتی«پێکەوە دەگەڕێنەوە. باوکت بلیتەکەت تازەدەکاتەوە»
دانێ گوتی«نا، دەکرێ خۆمان بیکەین»
دانێ خۆشی خۆشی لەبەر خۆیەوەدەیگوت«دەگەڕێمەوە بۆ لای ئێلا فڕیدا. ئێستا دێم بۆلات ئێلا فڕیدا!»
نەنکی لە دانێی پرسی«پیتوایە خۆمان بتوانین ئەم کارە بکەین؟»
دانێ گوتی«بەڵێ دەتوانین. مندەزانم بلیتەکەم لە کوێیە»
کاتێک سەما و هەڵپەڕکێ گەرم بوو، سەماکەر لە بازنەیەکدا دەسووڕانەوە دانێ و نەنکی خۆیا دزییەوە و

جوونە ئەپاڕتمانەکەی دایەگەورە کە تەلەفۆن بکەن بۆ دەفتەری بلیتفرۆشی فڕۆکە. دوای کەمێک گیروگرفت و خشە خشی تەلەفۆن و چاوەڕوانی دایەگەورە لەپڕ گوتی «بەیانی زوو کات نۆ و دە دەقیقە بە فڕۆکە دەفڕین بەرەو سوێد!»

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی(٢١)

ڕۆژی دوایە دانێ و نەنکی زووتر لە خەو هەستان و خۆیان سازکرد. بەو حاڵەش فریانەکەوتن زوو ڕێکەون! دانێ لەوە دەترسا نەوەکوو باوکی پەشیمان بێتەوە. نەنکی لە وە دەترسا کە لە فڕۆکە بەجێ نەمێنن!ڕاست ئەودەمە وەڕێکەوتن، لە سەر پلیکانەکان دەنگی باوکی دانێ و ڤێرا دەهات.

بووک و زاوا لە ماوەی جەژنی زەماوەندەکەیاندا لە هۆتێل دەمانەوە. بەڵام ئێستا هاتبوون کە خواحافیزی بکەن. لەو کاتەدا ئامۆزای باوکی دانێ «ماریۆ» وەژوور کەوت. ئەویش هاتبوو بۆ خواحافیزی. باوەکوو تاکسی لە سەریان ماتڵ بوو، بەڵام ماریۆ  هەر قسەی دەکرد.



دایەگەورەش و خوشی سەرینێکی چکۆلە، کە بەچکە پیشلەی لەسەر گوڵدۆزی کرابوو وەک دیاری هێنابوویان بۆ نەنکی دانێ. ئەو خواحافیزییە بوە هۆی ئەوەی دانێ و نەنکی درەنگ گەیشتنە فڕۆکەخانە. نەنکی پەرێشان حاڵ بوو. دانێش ئەوندە تووڕە بوو وەکۆخە کۆخ کەوتبوو!

لە سالۆنی سەکۆی سواربوون دانیشتن و چاوەڕوان مانەوە. پشوویان. نەنکی گوڤارێکی لە کیفەکەی دەرهێنا و جەدوەلەکەی حەل دەکرد.

دانێ لە کۆڵەپشتییەکەدا لە کتێبی حیسابەکەی دەگەڕا. دانی زۆر دڵپەرۆش بوو. چونکە لەمێژ بوو لە سەفەر بوو، لە دەرسەکانی دواکەت بوو. بەڵام دانێ چۆن بیتوانیایە هۆش بدا بە خوێندنی حیساب. ئەو هەر ئەوندەی دەتوانی کە بیر لە ئێلا فڕیدا، سۆنیا و خوشکە چکۆلەکەی بکاتەوە.



خوشکەکەی ئێلا فریدا ناوی «میراندا»یە. میراندا زۆر شیرین زمانە بە ئۆتوبوس دەڵێ «پووس» جیاوازی نێوان «بووس» و «پووس»نازانێ. دەڵی با سواری پووسەکە بن.

دانێ شتێکی بیرهاتەوە، لە بەرخۆیەوە پێدەکەنی. بەڵام لە پڕێکدا نێوچاوانی گرژ بوو. کەوتەبیری ئەوە ئەگەر ئێلا فریدا بزانێ کە باوکم و ڤێرا پێکەوە بوونتە ژن و مێرد و زماوەندیان کردووە بڵێ چی؟

نەنکی سەری لە سەر جەدولەکە هەڵێنا گوتی«ئێلا فریدا دەڵێ کارێکی باشیان کردووە.»

دانێ گوتی «بەڵام ئەومان بۆ شایی و زەماوەندەکە بانگهێشتن نەکرد!»




نەنکی گوتی«دەبوایە لێمان بگێڕاینەوە، بەڵام ئێلا فریدا تۆ ببینێ لە خۆشحاڵیدا ئەو شتانەی بە خەیاڵدانایە»

دانێ لە نەنکی پرسی«نەنکە تۆ لەگەڵ دایکی ئێلا فرِیدا قسەت کردووە؟»
نەنکی گوتی«ئەرێ، من دوێنێ ئێوارە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد. پرسیم تۆ بۆت هەیە لە جەژنی پاکدا بچی بۆ لای ئەوان»
دانێ پرسی« دەی باشە، من بۆم هەیە بچم یان نا؟»
نەنکی گوتی«بەڵێ، سۆنیا گوتی ئەوان زۆر خۆشحاڵ دەبن!»
وادیار بوو ڕێکەوتن بە کەیفی دانێ بوو. ئەو گەرەکی بوو لەگەڵ نەنکی بچنەوە ماڵێ و لەگەڵ باوەگەورەی قسە بکا. ڕۆژ و شەوێک پشوو بدا. دوایە باوەگەورەی بە ماشێن بیبا بۆ «نۆرشۆپینگ» لەوێ «ئۆفە بێ بە دوایدا و بیبا بۆ دوورگە»
دانێ گوتی «بەڵام من گەرەکمە ببمە دیاری بۆ ئێلا فرِیدا!»
نەنکی گوتی«هیچ مەسەلەیەک نییە. سۆنیا دەزانێ تۆ چیت بە کەیفە. ئەگەر ناتوانی لە سەر حیساب و هەندەسە کار بکەیت. خەریکی ئەو کتێبەبە کە مامۆستاکەت بۆی ناردوی!»
دانێ کۆڵەپشتییەکەی پشکنی بۆ نووسراوە ناتەواوەکەی خۆی پەیدا کرد.

نەنکی قەڵەم و کاغەزی دادەستی.
بەڵام دانێ نەی توانی هیچی لێ زیادبکا!
تائەودەمە کە نەیدەزانی ئێلا فڕیدا تۆراوە یان بەخشیویە کە بانگی نەکردوو بۆ زەماوەندی باوکی و ڤێڕا یان نا.
بەڵام نەتونی بیربکاتەوە چونکە دەبوو بڕوا و بگاتە فڕۆکە و سواربێ.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینێ – بەشی (٢٢)

دانێ نزیک بوو دووبارە لە ئێلافڕیدا ببینێ. هەمان ڕۆژ ئێلافڕیدا پۆسی ناردە بوو«میراندا» ونبوو. ئێلافڕیداش خۆی لە ژێر کۆگای چرپیدا شاردبوەوە. کووڕ ببوەوە کە دڕو نەچێ بە لەشیدا. لە خۆی ئایا دایکی دەیەوێ ئەوان بگەینێتەوە وشکانی. دوایە «ئوفە» هەڵگرێ و بگەڕێتەوە. تەلەفۆنی کرد بۆ دایکی کە بچێ و دانێ لەگەڵ خۆی بێنێ!



ئێلافڕیدا لەو جێگایەی خۆی شاردبوەوە، هیچی نەدەبینی، بێجگە

له پاپۆڕەکە کە لە سەکۆی وێستان نزیک دەبوەوە. گوێی لە دەنگی
«ئوفە» بوو بانگی دەکرد ئێلافڕیدا وەرە!«میراندا» ونبووە. شتێکی تایبەتیم بۆ هێناون. بەڵام ئێلافڕیدا بێدەنگ دانیشتبوو ورتەی لێوە نەدەهات. هەتا ئەگەر مێرولەش بیگەزیبایە. بەڵام چونکە ژانی دەکرد ناڵە ناڵێکەی لەوە هات.
دەنگی نەدەگەییە دانێ کە سەکۆی لەنگەر وێستابوو دەیڕوانییە دەور وبەری خۆی. بەش بەحاڵی ئەو هەمووشتێک چاوەڕوان کراو بوو.ئەو سەفەرە دوور و درێژە کۆتایی پێهاتبوو.



دانێ گەیبووە نزیک ئێلا فڕیدا. بەڵام ئێلا فڕیدای نەدەبینی. لە خۆی دەپرسی «ئێلافڕیدا لە کوێیە؟» وەک بەچکە کوندەبو چاوی دەگێڕا.
لەودەمەدا «سۆنیا» و «ئوفە» بارەکەیان لە پاپۆڕەکە دادەگرت دانێ
لە دوورەوە وێستا بوو دەیڕاوانی.
دانێ لەوە دترسا بۆ ڕووداوە ناخۆشە پێشهات. بۆ ئێلافرێد لێتۆراوە!
هەر لەبەر ئەوە کە بۆ زەماوەندی باوکی لێنەگێڕاوەتەوە!
«سۆنیا» و «ئوفە» بارەکەیان هەڵگرت و سەکۆیان بەجێ هێشت دانێش لەگەڵیان بوو. ئەو لە ئێلافڕیدا دەگەڕا. بەڵام ئێلا فڕیدا دیار نەبوو.



ئاخرەکەی دانێ لە «سۆنیا»ی پرسی«ئێلافڕیدا لە کوێیە؟»
سۆنیا کەمێک سەری سووڕ ما و گوتی «ڕاستت دەوێ منش نازانم!»
ئوفە گوتی «بە ئێلافڕیدامان نەگوتوە کە تۆ هاتوی! تۆ خۆت وات پێ خۆش بوو.
ئەوڕۆژە دانێ و ئێلافڕیدا یەکتریان نەدی!
ئێلافڕیدا لە ژێر چرپیدا لە ترسا نەیوێرا خۆی نیشاندا.
چی جوابی دایکی بدایەتەوە کە خوشکەکەی چی بەسەر هاتووە!
دانێش لەوە دترسا کە باشترین دۆستی لێی دڵڕەنج بوو و نایەوێ بیبینێ.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی - بەشی(٢٣)

بە خۆشییەوە دانێ چانتاچەرخدارەکەی پڕ بوو لە دیاری بۆ ئێلا فڕیدا.
دیاریەکان بەشی ڕێچکەی دیاری دانانی دەکرد.
دانێ بە تەنیا لە سەفەر بوو. گەرەکی بوو ئێلا فڕیدا لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا غافڵگیرکا.
بڕیاروا بوو کە دانێ گەیشتە وێستگەی قەتار بێن بەرەوپیری. کەچی هیچ کەس نە هاتبوو. دانێ چانتای پڕ لە دیاری ڕاکێشا و گەڕاوە بۆ ماڵێ.



بەڵام چانتای پڕ لە دیاری هەرگیز نەکراوە!

دانیێ نەخۆشکەوت!کاتێک هاتەوە ماڵی خۆیان، نەخۆشییەکەی لێی پیستر کرد و لە جێدا کەوت. بەڵام ئێستا هەستاوەتەوە. گەرەکییە بچێ بۆ لای ئێلا فڕیدا. کاتێک لەگەڵ «ئوفە»گەیشتنە لای خانووەکە، ئوفە گوتی«راکە و لە ئێلا فڕیدا بگەڕێ!»
دانێ گوتی «نا، ئێستا دەبێ دیارییەکان لە شوێنی ڕێچکەی دیار دانێم»



ئوفە دەیزانی دانێ دیەوێ چی بکا. چونکە خۆی فێری کردبوو کە چۆن ڕێچکەیدیاری دانان دروست دەکەن. مرۆڤ پاکەتەکان لێرە و لەو دەشارێتەوە. شتێک بۆ پشک دادەنێ بۆ ئەوکەسە کە بچێ بگەڕێ و پەیدایانکا. بۆ نمونە بەردە پەری دەریایی. (بەردێکی تایبەتەکە کایەی پەری دەریایی) پێ دەکەن. یان کایەی

وشترمريشک (ئەمە چيرۆكێكە كە لە زمانی خەكەوە سينە بەسينە دەيگێڕنەوە). يانی ئەوكەسەی كايە دەكا وەكوو وشترمريشک دەچێ. يان كۆنە مار دۆزينەوە.
ئوفە گوتی «پەلە بكە! ئەگەر ئێلا فڕيدا هێڵی دياريیەكە بدۆزێتەوە زيار غافڵگير دەبێ.
دانێ بە هەڵاتن خۆی كرد بە ژووریدا كۆڵەپشتييەكەی دانا و چانتا چەرخ دارەكەی ڕادەكێشا و يەكەم دياری شاردەوە.
دانێ هەموو شوێنەكانی دوورگەكە دەناسی. هاوينی پارەكە لەگەڵ ئێلا فڕيدا ماوەی پشوودان لە وێ بوون.
دانێ بە هەموو دارەكاندا هەڵگەڕا بوو. لە هەموو كەنداوەكان مەلەی كردبوو.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی - بەشی (٢٤)

دانێ زوو دیارییەکانی لە دوورگەکە شاردەوە. بێجگە لە دانەیەکیان. بە تەپەی ڕوانگەدا هەڵگەڕا. زۆر گەڕا شوێنێکی باشی بۆ ئەو یەکەیان دەست نەکەوت!
چووە پێشتر، لە سەر دەست چەماوە و پاکەتە دیارییەکەی لە نێو گژ و گیادا شاردەوە. لەبەر خۆیەوە دەیگوت «ئەمەیان بە ئاسانی نادۆزرێتەوە»



دوای چەن چرکە کشاوە بۆ دواوە. تەماشای کرد لە نێوان لق و چەڵدا شتێک دەبزوێتەوە. دانێ بە خۆی گوت ڕەنگە مار بێ. بەڵام نا، شتێکی گەورەتر لە ڕێوی

دەچوو! دووبارە دانەوی و ڕوانی. خۆی ئامادە کرد ڕاکا بەڵام شتەکە دووبارە جوڵاوە. دانێ بانگی کرد «ئێلا فریدا تۆ لە کوێی؟»

ئێلا فڕیدا گوتی«بێ دەنگ بە!»

دانێ گوتی «وەرە پێشەوە!»

ئێلا فڕیدا گوتی «نا، نابێ، ناتوانم»

دانێ پرسی«بۆ چ بووە؟گیرت خواردووە؟»



هەڵبەتە نەدەبوو پرسیار بکا. چونکە خۆی دەیزانی چی بووە.

ئێلا فڕیدا گوتی«نا، بەڵام . . .»

ئەوەی گوت و لەو جێگای خۆی شاردبووەوە هاتە دەرێ. کە ڕوخساری خۆیی بینی پێی سەیر بوو. تەواوی سەر و چاوی بە دڕو ڕووشا بوو.

دانێ پرسی «ئەوە تۆ خەریکی چیت؟»

ئێلا فڕیدا گوتی« لێرە بڕۆ!»

دانێ کەوتە لالەپەتە. گوتی«بۆ چ ی ی بڕ ڕ ۆم؟»



وای بیرکردەوە ئێلا فڕیدا لێی تۆراوە و نایەوێ قسەی لەگەڵ بکا! چونکە چونکە بۆ شایی و زەماوەندی باوکی لێی نەگێڕا بوەوە.

دانێ گوپی پڕ کرد لە هەوا و تەپەی ڕوانگەی بە جێ هێشت. بەڵام هێزی پێی نەبوو بڕوا! کەمێک ڕۆیی و ئاوڕیداوە. بە ئێلا فڕیدای گوت «من دەزانم تۆ لەێم

تۆراوی و نام بەخشی، بەڵام داوات لێ دەکەم بمبەخشە.
وادیار بوو کە ئێلا فڕیدا بایەخی پێ نەدا.
دانێ ویستی بڕوا، بەڵام دیسانەوە کۆخە هێرشی بۆ هێنا. دانێ لە بەرخۆیەوە گوتی هەر باش بوو هەر چۆنی بێ من ڕێچکەی دیاریم کێشاوە. ئەوەی گوت دووبارە کۆخە هێرشی بۆ هێناوە. . .



## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٢٥)

کاتێک دانێ هاتەوە ماڵێ کۆخە دووبارە هێرشی بۆ هێناوە.

«ئوفە»سینییەک قاوە بە دەستەوە بەرەو پلیکانەکان دەهات. وادیار بوو کە نارەحەتە!

لە دانێی پرسی «چۆنی و چ دەکەی؟»



دانێ پاکەتێکی چکۆلەی بە دەستەوە مابوو. هەڵێ هێنا و گوتی«هەر ئەم پاکەتەم ماوە، نازانم لە کوێدا بیشارمەوە . . .»

«ئوفه» سینیەکەی وەلا نا و گوتی«خەمت نەبێ وەرە .
. .»
دانێ وەدوای کەوت. پێکەوە بە ئەسپایی چوونە ژووری خەوەکە. ئوفە بە سرتە و بە ئاماژە گوتی«ئە، لێرە بیشارەوە!»
دانێ پرسی «ئێوە بۆ بە سرتە قسە دەکەن؟» ئەمجار ڕۆیی پاکەتەکە لە نێوەڕاستی وەتاقەکەدا فڕێدا!
ئوفە دووبارە بە سرتە گوتی «ئەوە چ دەکەی، ئاوا ناشاردرێتەوە! بەو جۆرە ئێلا فرێدا زوو پێی دەزانی. دەبێ وای بشارییەوە کە ماوەیەک لێی بگەڕێ
پاکەتەکەی لە دانێ وەرگرت و بە جۆرێک کە لە بەر چاو نەبێ نایە ژێر تەختەکە. و هێواشەکی درگاکەی پێوەدا. ڕووی کردەوە دانێ و گوتی «ئێستا بە ڕاکردن بچۆ بە دوای ئێلا فڕیدا دا. نازانم ئەو کچە بۆ نایە. . .

## ئەویندار بوون باشتر لە بێ ئەوینی – بەشی(٢٦)

دانێ بە ئەسپایی گەڕاوە بۆلای کۆگا چرپییەکە. پیوست نەبوو زیاتر بڕوا.
ئێلا فڕیدا لە تەپەی ڕوانگە وێستا و ماتڵی دانێ بوو.
ئەودەم کە دانێ گەیشتێ.
ئێلا فڕیدا پرسی «شوێنی دیارییەکان لە کوێوە دسپێدەکا؟»
دانێ گوتی«وازبێنە، چت دەوێ؟»
ئێلا فڕیدا ئەهۆن و لە سەرخۆ، گوتی «نیشانەیەکم بەدەیە!»
دانێ لەبەر خۆیەوە «نەخێر وادیارە دیارییەکانی دەوێ، ڕەنگە نەرم بووبێ و بیەوی لەگەڵم ئاشت بێتەوە»



دانێ گوتی «لەلای بەردی پەری دەریایی»
ئێلا فڕیدا گوتی«هێواش قسەبکە دایکم ئەوان گوێیان لێ دەبێ»

دانێ دووبارەی کردەوە «لە لای بەردی پەری دەریایی!»
ئێلا فڕیدا پرسی «چۆن چویتە نێو ئاوەکە؟»
دانێ گوتی «من گوێ نادەمێ چەن ساردە»
ئێلا فڕیدا پێکەنی. بە دانێی گوت «وەرە!»خۆی بە هەڵاتن و دانێش بە دوایدا. لە بەر پەنجێرەی ئاشپەزخانە هێواشیان کردەوە، ئێلا فڕیدا خۆی کوڕکردەوە.
دانێ پرسی «تۆ بۆ وادەکەی؟»
ئێلا فڕیدا گوتی«بۆ ئەوەی نەمان بینن»



دانێ وا تێگەیی کە ئەمەش بازییە. تا گەیشتنە بێشەی کەنار ئاو.
کاتێک گەیشتنە لای بەردی پەری دەریایی. تەماشایان کرد پاکەتە دیارییەکە نەماوە. با بردویەتە نێو ئاوەکە بە دەم شەپۆلەوە دەلەرێتەوە.

ئێلا فریدا کەوش و گۆرەویەکانێ داکەند و دەلنگی شلوارەکەی هەڵکرد و بازدا نێو ئاوەکە. پاکەتەکەی گرتەوە. نەیهێشت بگاتە تاشەبەردەی کە پێدەڵێن «قەڵای دزی دەریایی». پاکەتەکەی هەڵپچڕی. تەماشا کرد ئەنگوستیلەکەی دایکی دانێ یە، کە ئەودەم دانێ چکۆلە بوو پێدابوو. پێش ئەوەی لە ئنگوستیکا لە بەر ڕۆشنایەکە بەوردی تەماشای کرد.
دیار نەبوو، خۆشحاڵ بوو یان نا!



ئێلا فریدا گوتی«نیشانەیەکی دی!»
دانێ گوتی«وشتر مریشک»
ئێلا فریدا دەیزانی مەبەستی دانێ چییە.
مراوی لاستیکی کە مەلەی پێدەکەن.
ئێلا فریدا پێی جوانە کایەی پێدکا. بەڵام گوتی«نیشانەیەکی دیکە!»
دانێ گوتی «کونە مارانە»

پەکەتەکەی، باوەشێنێکی تێدابوو کە نەنکی دانێ لە سپانیا کڕیبووی.
ئێلا فڕیدا لەو بارەیەوە هیچ نەگوت. وادیارە بە هیچ خۆشحاڵ نابێ. گوتی«نیشانەی دیکە!»
دانێ گاتی «لای شوێنی نەهێنی کارگ ڕوووان»
ئێلا فڕیدا بە پەلە دەچێ بۆ ئەوێ. دانێش بە کۆخە کۆخ بە دوایدا.
کتێبێکیان بینی لێ نووسرابوو «ئەو کچە کە فرۆشتیان بە «سیرک»
ئێلا فڕیدا لەوە پێش خوێندبوویەوە.
پاکەتی دیارییەکانیان پێدا کرد. بێجگە لە دانەێکیان. چوونە حەوشە. «سۆنیا» دایکی ئێلا فڕیدا سێ شەربەی شەربەتی توەڕەشە دانابوو. یەک بۆ دانێ، یەک بۆ ئێلا فڕیدا و ئەوی دیش بۆ «میراندا»
دانێ دەپرسێ «ئەی کوا میراندا؟»
لەودەمەدا «ئوفە» پەیدا بوو. بە ئێلا فڕیدا گوت «ئەوە تۆی؟ سوورپڕایز دیاریم بۆ هێناوی. ئەوەش دانێ نیشانی دیارییوکان. ئەی تۆ چی ئەدەی بە من؟ نایەی لە ئامێزت گرم؟
ئێلا فڕیدا خۆی گێلدەکا و جوابی ناداتەوە.

ئوفه ژێرچەنەی ئێلا فڕیدا دەگرێ و مەجبووری دەکا تەماشای ئەو بکا.
«ئەوەچی بووە! بۆ لێمان لالووتی؟»
ئێلا فڕیدا ڕووی وەر گێڕا و جوابی نەداوە.
دانێ بە پەلە خۆی دەگەێنێتە ئەوان و لەجوابی قسەکەی «ئوفە» دا گوتی لالووت نییە. بەڵام هەموو دیارییەکانمان پەیدا نەکردووە! ڕەنگە بۆ ئەوەبێ لەو پاکەتە دەگەڕێن.
«ئوفە» بۆڵە بۆڵێکی لێوە هات و خۆی لە ئێلا فڕیدا گێل کرد.
ئێلا فڕیدا بە دانێ گوت «نیشانەیەکی دیکە»
دانێ ئاماژە بە خانووەکە کرد و گوتی«ژێر تەختی خەوەکە!»



## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٢٧)

ئێلافریدا ڕایکرد بۆ ژووریَ. دانێش تا نیوەی ڕێگا لەگەڵی ڕۆیی. ئێلا فڕیدا گوتی «من لێرە دەمێنم. لە ئاشپەزخانە دادەنیشم» ئەو وای بیر دەکردەوە ئەو پاکەتەی کە ماوە، کەیکی مرەبایی ماوەی حەوت حەوتووی لەوە پێشە. ئەوە ناهێنێ بە دوایدا بگەڕێم!

دانێ وێستاوە و چاوەڕوانە تا ئێلا فڕیدا ئەو شتە ناخۆشە پەیداکا.

ئێلا فڕیدا بە خۆشحاڵییەوە دەڵی «هوڕا، پەیدام کرد«

دانێ بە پەلە دەچێ بۆ ژووریَ دانیشتن. تەماشای کرد، ئێلا فڕیدا شێتانە هەڵدەپەڕێ.



ئێلا فڕیدا بە دانێی گوت «مەمنونم وا منت ڕزگار کرد«

دانێ هیچ تێناگا. مەسەلە چییە؟. تا ئەو دەم کە تەماشا دەکەن «میراندا» لەژێر پەتوێکدا لە سەر تەختەکەی دایکی خۆی شاردوەتەوە. هەرکە ئەوان دەبینێ هەڵدەستێ بە پێکەنینەوە دەڕوانێتە ئەوان!

ئێلا فڕیدا دەڵێ«میراندای من، وەچەچکۆلەکەم!»دوایە ڕوو لە دانێ دەکا و دەپرسێ «چۆنت ئەم ورچەقوڵە شاردەوە؟«

دانێ ئێستاش تێناگا!

مەسەلە ئەوە بوو کە میراندا لە گوڵ ئاودان ماندوو دەبێ. دەچێ لە سەر تەختەکەی دایکی ڕادەکشێ و خەو دەیباتەوە. ئەمڕووداوە لەو دەمەدایە ڕوئەدا کە ئێلا فڕیدا چبوو بۆ تەپەی ماسیگرتن. ئەو دەیویست ئەو نامەی وا نووسی بووی لە بتڵی نابوو، بەدا بە ئاودا.




سەیر ئەوەیە کە ئێلا فڕیدا وای بیرکردبووەوە، دانێ «میراندا»ی وەکوو دیاری لە ژێر پەتوەکەی «سۆنیا»دا

شاردوەتەوە. جا، بۆیە شادی دەکا  کە میراندای وەکوو دیاری شاردراوە پەیدا کردووە. بە دانێ دەڵێ دەمزانی ئەگەر تۆ بێی هەموو شتێک باش دەبێ. تۆ منت ڕزگار کرد.
ئەم مەسەلەیە بۆ دانێ بوەتە پرسیار. بەڵام بەوە خۆشحاڵە کە ئێلافرِیدا خولْق و خوی باشە.
سۆنیا دایکی دانێ دێ و بیریان دێنێتەوە شەر بەتەکانیان بخۆنەوە! دوایە دەڵێ ببورن بەستەنی نەبوو. چوار کەیکی شوگلاتی لە گیرفانی دەردێنێ و دەڵێ «یەک بۆ دانێ،  یەک بۆ ئێلا فرِیدا، ئەم دوانەش بۆ میراندا»
میراندا کەیکەشوگڵاتییەکان دەرِفێنێ بۆ خۆی!
ئێلا فرِیدا دەڵێ «ئەم بەشکردنە دادگەرانە نییە»
میراندا دەڵێ «بۆ من دادگەرانەیە. با بۆ تۆ دادگەرانە نەبێ!»
لە ڕاستیدا بەشی چوارەم هی «ئوفە» بوو، بەڵام ئەو گوێی پێنەدا، گوتی
«من بەوە خۆشحاڵم کە ئێلا فرِیدا دووبارە خۆشحاڵە.
لە ئێلا فرِیدای پرسێ «خۆشحاڵی؟»
ئێلا فریدا گوتی«بەڵێ، خۆت دەم بینی. ئیدی زۆر بڵێی مەکە!»

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٢٨)

مرۆڤ لە ئێلا فڕیدا ئەرخەیان نییە. خولقوخوی وەکوو هەوای بەهارییە. تاوێک بارانییە، تاو تاوەش خۆرەتاوە. مرۆڤ نازادنێ هۆیەکەی چییە! بۆ چی وایە؟ ئایا بەڕاستی ئێلا فڕیدا دانێی بەخشیوە؟
دوای چەن چرکە لەسەر سەکۆی ماسیگرتن وێستاون ودەڕواننە دەریا.
دانێ لە ئێلا فڕیدا دەپرسێ «ئێستاش لە من تووڕەی؟»
ئێلا فڕیدادەڵێ«توورە،! بۆ چی دەبێ من لە تۆ توورەبم»
دانێ دەڵێ«لە بەر ئەوە کە بۆ زەماوەند لێمان نەگێڕایەوە»
ئێلافڕیدا دەپرسێ «کامە زەماوەند؟»
دانێ دەڵێ «زەماوەندی باوکم و ڤێڕا»
ئێلا فڕیدا دەڵێ«ئەی، ئەوان زەماوەندیان کرد!»
دانێ ئێستاش ئامادەیە چاوەڕوانی ناخۆشترین ڕەفتاری ئێلا فڕیدایە.
ئێلا فڕیدا سەرنجێکی دانێ ئەدا. دەڕوانێتە دەریا و تەماشای ئاوەکە دەکا.
دانێ لە ئێلا فڕیدا دەپرسێ«ئەوە تەماشای چیدەکەی؟»

ئێلا فڕیدا دەڵێ«چاوەڕیی پۆستم کە بتڵی نەمەکەم بۆ بێنێ. من نەمەیەکم لە بتڵێکدا ناردبوو، ئێستا چاوەڕێم جوابەکەیم بۆ بێتەوە!»
دانێ دەڵێ«پۆستی دەریایی زۆری پێ دەچێ، لەوانەیە چەن ساڵی پێ بچێ»
ئێلا فڕیدا ئاخێک هەڵدەکێشێ و دەڵێ«دەزانم، بەڵام. .
.»
ڕاست لەو دەمەدا بتڵێک دەکەوێتە سەر ئاوەکە! ڕەنگە لە دوورگەیەکی دیکەوە شەپۆل هێنابێتی.
ئێلا فڕیدا لە خۆی دەپرسێ «تۆ بڵێی کەسێک نامەی نێو بتڵەکەی خوێندبێتەوە؟ڕەنگە ئەویش وەکوو من هەست بە تەنیایی بکا»



دانێ دەپرسێ«تۆ هەست بە تەنیایی دەکەی؟»

ئێلا فڕیدا دەڵێ«ئەرێ، جارجارە»
دانێ دەپرسێ «کەی، بۆچی؟»
ئێلا فڕیدا دەڵێ«کاتێک میراندام لێ گوم دەبێ»
دانێ بە ماناوە سەیری ئێلا فڕێدا دەکا و دەپرسێ«کەی وات بەسەر دێ»
ئێلا فڕیدا منگە منگ دەڵێ«زۆر جار، با لە بارەی شتێکی دەکەوە قسە بکەین»
دانێ دەڵێ «یاری بکەین! یان خانوچکە دروست کەین»
ئێلا فڕیدا دەڵێ«باشە بە خانووچکە دروست کەین»
دەچن ئامرازی خانوچکە دروستکردن و چەن تەختە کە ئۆفە لە پەنای دیوارەکە دایناون دەهێنن.
تازە دەستیان پێکردووە، کەچی ئێلا فڕیدا بزمار و چکوشەکەی وەلادەنێ لە دانێ دەپرسێ«لە بیرت چوو بۆ زماوەند لە من بگێڕییەوە؟»
دەڵێ «بەڕۆژدا نەپەرژام بیر لە تۆ بکەمەوە!بەڵام دوایە بیرهاتەوە»
ئێلا فڕیدا دەپرسێ «کەی بیرت هاتەوە»
دانێ دەڵێ«ئەو دەمەی کەیکم دەخوارد»
ئێلا فڕیدا دەپرسێ«کەیکەکە خۆش بوو؟»

دانێ دەڵێ«ئەرێ بەڵام ئەگەر تۆم لەگەڵ بوایەی خۆشتر دەبوو. کە تۆم بیرکەتەوە بریا لەوێبا. لەو کەیکە خۆشە بچێژی بێ تۆ بۆم نەخورا»
ئێلا فێدا دەڵێ«باشە لەوە گەڕێ، با کایەبکەین»
دانێ دەپرسێ«کەیەی چی بکەین؟»
ئێلا فرِیدا دەڵێ«کایەی ئەوە دەکەین کە ئێمە دوو منداڵە فەقیرین هیچ خانەو لانەیەکمان نییە تێدا بژین. بۆیە مەجبورین پێش ئەوەی تۆفان بێ خانوچکە بۆ خۆمان دروست کەین» ئەوەی گوت و دەستیکرد بە بزمار داکوتان. ئەوان خەریکی بزمار داکوتان بوو، ئوفە بانگی کردن وەرن کاتی نان خواردنە! ئەوانیش دەستیا لەکار هەڵدەگرت. . .



## ئەویندار بوو باشترە لە بێ ئەوینی (٢٩)

کاتی نانخواردن «سۆنیا» دەیەوێ بزانێ زەماوەندەکە چون بوو.
دانێ دەڵێ «خۆش بوو. ئەگەر ئێلا فڕیدا م لەگەڵ بوایە خۆشتر دەبوو»
ئێلا فڕیدا بە سەر لەقاندن قسەکەی دانێی ڕاست کردەوە.
«ئوفە» دەپرسی«ئەی ڕۆم خۆش بوو؟»
دانێ گوتی «بەڵێ شاری ڕۆم خۆشە. بەڵام گەورەیە. هەموویم نەدی»
ئێلا فڕیدا گوتی «ئەگەر منیش لەگەڵ بوایەم خۆشتر دەبوو»
سۆنیا پرسی «دایەگەورە دەڵێ حەزت نەدەکرد بچی بۆ ڤێنەدیک، بۆیە لەگەڵ ئەو هاتییەوە»
دانێ گوتی«بەڵی وایە، من پێم خۆش نەبوو لەگەڵیان بچم»



ئوفه گوتی «ئەی لە سەفەری ئیتالیا، هیچی دیکە پێش نەهات»
دانێ گوتی «بەڵێ لەوانە بوو بم ڕفێنن!» «پیرە پیاوێک دەیویست بە نوقڵ بم خڵەتێنێ»
سۆنیا گوتی «پەکو، ناخۆشە!»
ئوفه دەپرسێ «ئەی چۆنت ڕزگار بوو؟»
سۆنیا دەڵێ«منداڵی بەستەزمان، ئەی چی ڕووی دا؟»
دانێ گوتی «من نوقڵەکەم لێوەر نەگرت»
ئێلا فڕیدا دەڵێ «کارێکی چاکت کردوە. منیش بوایەم لێم وەر نەدەگرت»
دانێ شتێکی وەبیر هاتەوە،
گوتی«بەم زوانە من دەبمە خوشکە گەورە!»
سۆنیا گوتی «ئەێ ئەی بۆ زووتر نەتگوت؟»
دانێ دەڵێ «ئاخر بەڵێنم بە ڤێڕا داوە بە هیچ کەس نەڵێم»



ئێلا فڕیدا وەکوو باڕۆکەکەوتە گارەگار و گوتی «بەڵام ئێستا بە ئێمەت گوت» لە دایکی پرسی«بۆمان هەیە لە دەوری مێزەکە هەستین؟»
بەڕاکردن چوون دیاری بۆ «میراندا» جۆرکەن. ئاخر ئەویش دەبێ نیشانەی دیاری هەبێ!
ئەوەڵ تۆپی بازی سەرئاوەکەی کە هیچ بای تێدا نەما بوو، دوای ئەو بووکلەبەرخەکەی و هەندێک وردە شتتی دیکە ی بۆ کادۆ پێچ دەکەن.
ئێلا فرێدا دەڵێ گرینگ نییە دیارییەکانی شتی تازە نەبن. خوشکە چکۆلی من خۆشحاڵ دەبێ کە کادۆی بدەنێ.
دانێ بە چاوی خۆی دەبینێ کە «میراندا» چۆن بە دوای دیارەیەکاندا دەگەڕێ. میراندا زۆرتر بەوە خۆشحاڵ دەبێ کە بووکلە بەرخەکەی کە شەوانە لەگەڵ خۆی دەیخەوێنێ بۆی لە پاکەت خەن تا بە دوایدا بگەڕێ. ئەو بەخۆشییەوە دەگەڕێ و بەرخە سپییەکەی ئەدۆزێتەوە. بەوە زیاتر خۆشحاڵ دەبێ.

## ئەویندار بوون باشتر لە بێ ئەوینی - بەشی (٣٠)

بەراستی ئەحوالی ئێلا فڕیدا چۆنە، ئایا شاد و خۆشحاڵە؟
دانێ لێی دەپرسێ «ئەوە ڕاستە، تۆ لەبەر ئەوەی بۆ زەماوەند لێمان نەگێڕایەوە نارەحەت بووی؟»
ئێلا فڕیدا دەڵێ«بەڵێ بەڵام من تۆم بەخشیوە. بە شەرتێک دووبارە منت لە بیر نەچێ!»
دانێ دەڵێ «سوێند دەخۆم بە فۆکلەکەی سەرم تۆم لە بیر ناچێ»
هەر دووکیان چەن چرکە بێدەنگ دەمێننەوە.
دانێ بیر دەکاتەوە و دەڵێ «ئەها، شتێکی گرینگم بیرهاتەوە»
ئێلا فڕیدا دەڵێ«ئەو شتە گرێنگە چییە؟»
دانێ دەڵێ«باشترین دیاری، بچۆ بەر ئاوێنەکە و چاوت بقوچێنە!»
ئێلا فڕیدا لە سەر تەختی خەوەکەی هاتە خوارێ، چێوو لە بەرانبەر ئاوێنەکە دانیش.



دانێش خەریکە کۆڵەپشتییەکەی دەپشکنێ بەدوای شتێکدا دەگەڕێ. دوو ماسکی پشیلەی دەرهێنا و ئێلا فڕیدای گوتی« وەرە ئەمەیان بنێ بەر چاوت بە زانە چۆنە» خۆشی ئەوی دیکەیان دەنێتە بەرچاوی.

بە ئێلا فڕیدا دەڵێ چآوت هەڵێنە. ئێلا فڕیدا چاوی دەکاتەوە، یەک بە خۆی ئەدا لە قاقای پێکەنین! و گوتی«ڕاست ئەو شتەی وا من دەمێکە ئارەزویم دەکرد»

دانێ دەڵێ «ئەوە باوکم بۆی کڕیوم»

ئێلا فڕیدا وەکوو پشیلە دەمیاوێنێ پڕ نیاو مڕنیاو و هەر دەڵێی پشیلەیە!

دەڵێ «خۆزگەم بە خۆت، باوکی باشت هەیە»



دانێ دەڵێ «ئەرێ، خۆشم دەزانم»
ئێلا فڕیدا شەویش بە ماسکە پشیلەوە دەخەوێ! خوشکەکەشی میراندا هەر لەو ژوورە دەخەوێ. لە نزیکەوە موشە موش، و پرخە، پرخی دێ. بەڵام دانێ خەریکە کۆڵەپشتیەکەی دەپشکنێ. دەفتەر و قەڵەم دەر دێنێ و بەردەوام دەبێ لە سەر نووسینی بەشی دووەمی «ژیانی خۆشی من» دەسپێکی ئەم بەشە«ئەم کتێبە لە باری باشترین هاوڕێم ئێلا فڕیدا»وەیە.
ئەو ئەوندە باشە، من هەر هەڵەیەک بکەم لێم دەبووری. ئەوەی کە بۆ زەماوەندی باوکم لیمان نە گێڕاوە بەخشیمی. من ئەوم زۆر خۆشدەوێ. دەزانم ئەویش منی خۆشدەوێ. بەڵام نازانم ئەم خۆشەویستییە بەکوێ دەگا. ئێمە هێشتا منداڵین ڕەنگە گەورەبین یەکتر نە ناسینەوە! بەڵام هەنووکە یەکترمان خۆش دەوێ. «ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی» ئەو وشانە لە کوێوە هاتن؟دانێ نایەوێ بیر لەوە بکاتەوە. چونکە ماندوە. دەفتەرەکەی وێک دەنێ و خۆی دەکا بەژێر پەتوەکەدا و دەخەوێ. سۆنیا لامپالەیان دە کوژێنێتەوە. لە تاریکیدا بە سرتە دەڵێ«سپاس بۆ تۆ دانێ.باش بوو هاتی هەموو کێشەیەک چارە سەر بوو»
دانێ لە خوەدا قسە دەکا! دەڵێ «دایکە! وام نەگوت»

سۆنیا بە پێکەنینەوە دەڵێ«نا،نا وات نەوگوت»
دانێ هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێ
«من فریا ناکەم هەموو شتێک بڵێم. تۆ دەزانی شتی سەیر ڕوو ئەدا»
سۆنیا دەڵێ «دەزانم تۆ ڕاست دەکەی»
بەڵام دانێ ئیدی گوێی لێنییە. خەو بردوویەتەوە.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – (٣١)

ڕەنگە بپرسن کوودەن! ئەم ئێوارە ئەحواڵی چۆنە؟
کوودەن حاڵی باشە. ئێوارە کە سەگەکەی بردبووە دەرێ توشی مامۆستاکەیان دەبێ. مامۆستا دەڵێ«ئێوارە باش کوودەن! خەبەری خۆشم پێیە، دانێ حاڵی باشە. دوای پشوودانی جەژنی پاک دێتەوە بۆ مەدرەسە. ئەرێ هەێلکە نوقڵەکانی جەژنت ماوە؟»




کوودەن خۆشحال بەو خەبەر خۆشحال دەبێ و «بەڵێ بەڵێ ماون. تەنیا لێم چێژتوون. بۆ ئەوەی بزانم کۆن نەبوون»
مامۆستا دەڵێ باشە، ئیدی لێی مەچێژە! ئەوە بەشی دانێ یە. ئەوە ودەڵێ و دەم بە پێکەنین ڕێی خۆی دەگرێ

ودەڕوا. کوودن نیش بە ڕێی خۆی. کوودن بەوە خۆشحاڵە کە بەم زوانە دانێ دەبینی.

کوودن کوڕێکی لێزانە. فوتبۆڵ دەزانێ، لەو دەمەوە بوەتە گۆلێر دایمە جلەکانی خۆڵاوییە توزی لێ هەڵدەستێ. ئەگەر لە هێڵی بەرگریدا یاری بکا باشترین بەرگری دەکا. ئەگەر دوو کەس شەڕ بکەن ئەو دەچێ و نێوبژیان دەکا، ونایەڵێ شەڕ بکەن! خۆی دەڵێ من پیاوی ئاشتیم.

## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی -بەشی (٣٢)

نامەکەی کە ئێلا فڕیدا نووسیبووی لە بتڵێکی هاویشتبوو دابووی بە ئاودا، چی بەسەر هات. چەن کیلۆمیتر با بردی بەرە باکووری دوورگە. لەوێ پیرە پیرە پیاوێک کە لەسەر پاپۆڕەکەی دانیشت بوو پەیدای کردبوو.
بەقولاپی ماسیگرتنەکەیەوە ببوو لە ئاوەکەی دەرهێنا. سەرەکەی هەڵپچڕی و نامەکەی دەرهێنا. بەڵام چونکە چاویلکەکانی لە ماڵێ لە بیر چبوو نەیتوانی بیخوێنێتەوە خستییەوە نێو بتڵەکە و هاویشتییەوە بۆ نێو ئاوەکە شڵپەیەکی لێوەهات و دووبارە بەدەم باوە لەگەڵ شەپۆل ئاو ڕۆیی.



ڕەنگە ڕۆژێک کەسێک پەیدایکا و بیخوێنێتەوە و بزانێ کە ئێلا فڕیدا بانگەوازی کردووە کە باشترین دۆستی یانی «دانێ» پەیدا بکا.

بەڵام ئێوە کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، دەزانن کە دانێ ساخ و سڵامەتی گەڕاوەتەوە ماڵێ و بە ئاشتی و خۆشی دانیشتوە.

کۆتایی کتێبی حەوتەم